# ناسیۆنالیزمی کوردی لەبەر بەربەستدا

## بۆچی کوردستانی عێراق پێگەی خۆی لەدەستدەدات وەک چەقی کوردایەتی

۲۹ی نیسانی ۲۰۱۹

*نووسەران:*
*کەمیل ساڵح*
*ماریا فانتاپیێ*

بە درێژایی مێژوو، شووناسی نەتەوەیی کوردی (کوردایەتی) بەردەوام گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە بەهۆی گۆڕانکارییە سیاسیەکانەوە کە پێشڕەوی سیاسیی نوێیان خولقاندووە. ئەم پێشڕەوە سیاسییە نوێیانە لەگەڵ خۆیاندا بیر و باوەڕی نوێیان پێبوە لەسەر پێناسەی چەمکی کوردایەتی و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمەڵگای کوردیدا. بە درێژایی زۆربەی نیوە سەدەی ڕابردوو، سەرکردەکانی کوردانی عێراق بەرنامەڕێژیی پڕۆژەیەکی سیاسیی نوێیان دەکرد بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەتێکی ناوەندیی داپڵۆسێنەر لە بەغداد. ئەم جوڵە سیاسیە وایکرد ناوچەکە ببێتە کرۆکی نیشتمانپەروەری کوردی بۆ دەیەکانی داهاتوو. بەڵام ئەمڕۆ، کوردستانی عێراق لە هەوڵەکانیدا بۆ ئاڵوگۆڕی سیاسیی گەیشتووەتە بەربەست و بووەتە بارتەی سیستەمێکی فەرمانڕەوایی کۆن و لەکارکەوتوو کە شکستیخواردوە کە لە ئاست چاوەڕوانیەکانی کۆمەڵگایەکی پڕ گۆڕانکاریدابێت. لە ئەنجامدا، ڕۆڵی کوردستانی عێراق وەک چەقی پەرەسەندنی نیشتمان پەروەری کوردی لە دابەزیندایە.

لە ساڵی نەوەتەکاندا، سەرکرداکانی کوردانی عێراق توانییان هاوکاری نێودەوڵەتی و سامانە سروشتیەکانی ناوچەکە بەکاربەێنن بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی فەرمانڕەوایی نیمچە سەربەخۆ، بەڵام لەسەر بنەمای حیزبایەتی. لە ساڵی ۲۰۰۳دا، پڕۆسەی ئازادی عێراق هەلێکی ڕەخساند بۆکوردستانی عێراق تا ئۆتۆنۆمیەکەی بچەسپێنێت و پەرەبسەنێت لە سیستەمێکی سیاسی بنیاتنراو لەسەر حیزبەوە بۆ سیستەمی دیموکراسیی پەرلەمانی. چاوەڕوانیەکانی کۆمەڵگای کوردی بەرزبوونەوە، بە تایبەتی لە ناو نەوەی نوێدا کە بیرەوەریەکی کەمی ڕژێمەکەی سەدام حسێنیان هەبوو، و چاوەڕێی سەرهەڵدانی مامەڵەیەکی نوێ لەگەڵ کۆمەڵگادا دەکرا کە تیایدا ماف لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون بێت نەک لایەنگری و ئەمەکداریی حیزبی. لە ئاکامی جەنگی عێراقدا کە لە ساڵی ۲۰۰۳ دەستی پێکرد،

کوردستانی عێراق چەند سوودێکی دیموکراتی و ئابورییکرد. بەڵام لە چەند ساڵی پێشوودا، سەرکردە کوردەکان زیاتر و زیاتر شکستیان هێناوە لەوەی لە ئاست چاوەڕوانیە پڕ گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵگادابن. لە بری ئەمە، سەرکردەکان کە زۆرێکیان نەوەی پێشتر و کەسوکارەکانیانن، دەستیانوەرداوەتە مێژوو تا حەقبدەن بە بەردەوامیی بار و دۆخی ئێستا. ئەوان ڕۆڵی مێژوویی خۆیان (یان کەس و کارە گەورەترەکانیان لە تەمەندا) لە خەباتدا بۆ سەربەخۆیی کوردی وەک کارتی فشار بەکارهێناوە و کردوویانەتە پاساو بۆ پڕکردنەوەی کورتەهێنانەکانیان لە دامەزراندنی دام و دەستگای حوکمدارێتی کارادا.



چەند پیاوێک چا لێ دەنێن لە یەکێک لە چایخانە بەناوبانگەکانی هەولێری کۆندا، ٢٢ی ئەیلولی ٢٠١٧، هەولێر، عێراق. سەرچاوە: کریس مەکگرات/گێتی ئیمیجس.

لەگەڵ فراوانبوونی کەلێنی نێوان کۆمەڵگا و سەرکردایەتیی کوردی، هەندێک لە نێو سەرکردایەتی کوردیدا ڕابەرایەتی ڕیفراندۆمی سەربەخۆییانکرد لە ئەیلولی ٢٠١٧دا. ڕیفراندۆم هەوڵێکی ناچاریی هەندێک لە سەرکردەکانی کوردستانی عێراقبوو، بە تایبەت مەسعود بارزانیی سەرۆکی ئەوکاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ خرۆشاندنی کۆمەڵگا لە ڕێگای پلانێکی نەژاد- نەتەوەییەوە کە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی لە چەقی کوردایەتیدا دانابوو. ئەمە لە کاتێکدا ڕوویدا کە سەرکردە کوردەکان دەترسان کە لەگەڵ هێوربوونەوەی جەنگ دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی ئەمان سەنگیان لای ڕۆژئاوا کەمببێتەوە، هەر بۆیە وێڵبوون بەدوای بەدەستهێنانی پێگەیەکی سیاسیی نوێدا. ڕیفراندۆم ڕکابەرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان (هەر یەکێک لە بزوتنەوەی گۆڕان و یەکێتی نیشتمانیی

کوردستان و ڕای گشتییەکی فراوانی دژ بە حیزبانی دەسەڵات)ی خستە بار و دۆخێکی سەخت و نا ئارامەوە: پاڵپشتیکردن لە ڕیفراندۆم مانای پاڵشتیکردنبوو لە هەوڵی بارزانی بۆ شەرعیەتدان و دەسەڵات، بەڵام دژایەتیکردنیش لە ڕیفراندۆم بۆی هەبوو وەک دژایەتیکردن لە نیشتمان پەروەری تەماشابکرێت.بەڵام، ڕیفراندۆم نەک هەر نەیتوانی سەربەخۆیی فەراهەم بکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە بووە هۆی ناڕەزایی نێودەوڵەتی و بەغدادی والێکرد دەسەڵاتی خۆی لە ناوچە جێناکۆکەکان بسەپێنێتەوە و دەست بەسەر ئاسمانی کوردستانی عێراقدا بگرێتەوە. ئەم ئەنجامە وایکرد زۆرێک لە کوردان بگەنە ئەو باوەڕەی کە دیدگای سەرکردایەتی کوردی کە گەیشتن بە دەوڵەتی سەربەخۆ بە کرۆکی کوردایەتیکردن دادەنێت دیدگایەکی کۆن و لەکارکەوتووە و ئەنجامەکەی ناتوانێت ئەو مافە مەدەنیانەیان بۆ فەراهەم بکات کە چاوەڕوانی دەکەن. تەنها ئاڵوگۆرێکی سیاسیی ڕاستەقینە کە ڕێگا بۆ سەرکردەی نوێ خۆشبکات کە پێشنیاری بنەمای نوێی هاوڵاتیبوونیان پێبێت دەکرێت ئەم بەربەستەی کوردستانی عێراق تێکبشکێنێت.

بەشی یەکەمی ئەم وتارە ئەوە دەخاتە ڕوو کە مێژووی کوردایەتی بە پێی گۆرانکارییە سیاسیەکان پەرەیسەندووە. ئێمە ڕووداوە مێژووییە گرنگەکان و شێوازە لێکچووەکانی گۆرانکاری سیاسی دەخەینەڕوو لە ناوچە کوردنشینەکاندا. نیشانیدەدەین چۆن کوردستانی عێراق وەک چەقی قورسایی نیشتمان پەروەری کوردی دەرکەوت لە ناوەڕاست و کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا، دوابەدوای ئەوەی سەرکردەکانی کۆمەڵگایان خرۆشاند لە خەباتی بەدەستەێنانی مافی ئۆتۆنۆمی لە بەرانبەر بەغداد. بەشی دووەمی وتارەکە شیکاریی هۆکاری دروستبوونی ئەم بەربەستە سیاسیەیە لە کوردستانی عێراق کە ڕێگرە لە درووستبوونی ئاڵوگۆری سیاسیی پێویست بەرەو سیستەمێکی نوێ کە لەگەڵ واقعی نوێدا بگونجێت. کۆتا بەشی وتارەکە دەرهاوێژەکانی پەککەوتنی ئەم ئاڵوگۆرە سیاسییە دەخاتەڕوو، بە تایبەت دەرحەق بە کوردستانی عێراق کە ڕەنگە ڕۆڵی خۆی وەک چەقی پەرەسەندی کوردایەتی لەدەستبدات. لە کاتێکدا سەرکردایەتی کوردی پێدەچێت توانیبێتی بۆ ماوەیەکی کورتەمەودا جڵەوی دەسەڵات بەرنەدات، بەڵام شێوازی سیاسەتکردنیان گەلی پەراوێز خستووە و کۆمەڵگای سەرتاسەر داب ڕیوە لە پرۆسەی سیاسی. تەنها کەمینەیەک لە کۆمەڵگای کوردستانی عێراق بەردەوامە لە گەڕاندا بە دوای ڕێگایەک بۆ بەرەوپێشچوون سەرەڕای ئاستەنگیەکان. لەگەڵ گەورەبوونی کەلێنی نێوان کۆمەڵگای کوردی و سەرکردەکانیدا، هەرێمەکە زیاتر ڕووبەڕووی ناکۆکی ناوخۆیی و دەستێوەردانی ناوچەیی دەبێتەوە.

## کوردایەتی لە گۆڕانکاری سیاسیدا

چەمکی "کوردایەتی" بۆ سەدەیەک دەبێت بە مانای شووناسی نەتەوەیی کوردی بەکاردەهێندرێت.[1] کوردایەتی هەرگیز چەمکێکی چەقبەستوو و نەگۆڕنەبووە.[2] بە پێچەوانەوە، لەگەڵ ڕووداوە مێژووییە گرنگەکاندا چەندبارە پەرەیسەندووە کاتێک هێزە نوێکان دەسەڵاتدارە چەقبەستووەکانیان وەدەرناوە. ئەمە ڕاستییەکی شووناسی نەتەوەیی نەتەوە و دەوڵەتەکانی سەرانسەری جیهانە، بەڵام بە تایبەتی بەدەرکەوتووە لە دۆزی گەلێکی وەک کوردا کە شووناسی نەتەوەییان لە غیابی هەبوونی دەوڵەتێکی دامەزراودابووە. دیدگای نوێ بۆ کوردایەتی لە ئەنجامی بانگەشە سیاسیەکانی سەرکردە نوێکاندا سەریهەڵداوە کە بە نیشاندانی تێگەیشتنێکی نوێ بۆ شووناسی نەتەوەیی کۆمەڵگایان خرۆشاندووە و دەسەڵاتدارە چەقبەستووەکانیان وەدەرناوە. هەر خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی هاوچەرخی کوردیدا شێوە حوکمدارییەکی نوێی خولقاندووە: ڕابەری سیاسیی نوێ، فۆرمی نوێی ڕێخراوەیی سیاسی، و دیدگای نوێ بۆ کوردایەتی.

---

[1] بە وتەی ئەکادیمییەکی کورد، بەیار مستەفا، چەمکەکە لەساڵی ١٩٢٠ کانەوە لە لایەن ڕێکخراوی ناسیۆنالیزمی کوردیی (خۆیبون)ەوە بەکارهێندراوە. چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەری وتارەکە لە ڕێگای تەلەفونەوە، ١٢ی کانوونی یەکەم، ٢٠١٨

[2] ئەم وتارە "شووناسی نەتەوەیی" وەک چەمکێکی سەبجێکتی□ بەکاردەهێنێت وەک لە ئەدەبیاتە ئەکادیمیەکاندا دووبارە دەبیندرێت و دەگەڕێتەوە بۆ هەستێکی تاکەکەسیی ئەندامێتی لە گروپێك یان نەتەوەیەکدا، نەوەک بە چەمکە ئۆبجێکتی□یەکەی لەسەر بنەمای زمان و خاک و مێژوو و کلتوور و داب و نەریت. چەمکە سەبجێکتی□ەکە باشتر پێناسەی دۆزی کورد دەکات چونکە "نەتەوە" وەک کۆمەڵگایەکی گریمانەیی وێنا دەکات کە هەر کاتێك کۆمەڵە تاکێک خۆیان تیایدا ببینن، بوونی هەیە. هەر بۆیە ئەم "نەتەوەیە" دەکرێت بوونی هەبێت بێ ئەوەی دەوڵەتێکی ناسێندراویشی هەبێت. کوردەکان زۆر جار بە کوردستانی عێراق دەڵێن "باشور" کە بۆ "بەشی باشوری کوردستانی گەورە" دەگەڕێتەوە کە "نیشتمان"ێکی سەبجێکتی□ە کە خۆیان بە بەشێک تیایدا دەبینن. ناوچەی تری کوردیش هەیە کە ناوی خۆیان هەیە لە سوریا و ئێران و تورکیا لە کاتێکدا کە ئەو ناوچانە ناوچەی فیدراڵی ناسێندراو نین و مافی تەواوی بەڕێوەبردنیان تیایدا نییە. کوردەکان "ڕۆژئا□ا – ڕۆژئاوای کوردستان"، ڕۆژهەڵات – ڕۆژهەڵاتی کوردستان"، و "باکور – کوردستانی باکور" بۆ کوردستانی سوریا و ئێران و تورکیا بەکاردەهێنن.

See Ernest Renan *What Is a Nation?, and Other Political Writings* (New York: Columbia University Press, 2018); Benedict R. Anderson, *Imagined Communities: Reflections on the Origin and Spread of Nationalism* (London: Verso, 2016, originally published in 1983); Rogers Brubaker, "In the Name of the Nation: Reflections on Nationalism and .Patriotism," *Citizenship Studies* 8, no. 2 (2004): 115-27

چەند شێوازێکی لێکچووی ئاڵوگۆڕی سیاسی هەیە لە مێژووی کوردا. لە سەدەی نۆزدەوە، دەستاودەستکردنی سەرکردایەتی پڕپێچ و پەنابووە، دوابەدوای ماوەی دوور و درێژی بەربەست لەپڕ بازدانی دەسەڵاتداری ڕوویداوە. ئەم شێوازە لێکچووانە زادەی بارودۆخە ناوخۆییەکانی نێو کوردەکان و هاوکات هۆکارە دەرەکییەکانن. ناکۆکی و باس و خواستە ناوچەیی و جیهانییەکان هەندێک جار بار و دۆخیان ڕەخساندووە بۆ سەرهەڵدانی سەرکردەی نوێ و ڕێگەیان خۆشکردوە تا سەرکردە نوێکان پەیوەندی لەگەڵ گەنجان و چینی ناوەڕاست و چینە گرنگەکانی تری کۆمەڵگادا درووستبکەن. کاتی تریش هەبووە، هۆکارە دەرەکییەکان بوونەتە هۆی دروستبوونی بەربەستەکان و چەرسەرنەبوونی کێشە ناوخۆییەکان. لەگەڵ گۆڕانی پێناسەی شووناسی نەتەوەیی لە لایەن دەوڵەتە هاوچەرخەکانی کوردەکان تیایدا ژیاون (ئێران، عێراق، تورکیا، وسوریا)، کوردایەتیش وەک کاردانەوەیەک چەندبارە شێوەی گۆڕیوە.[3]

## کوردایەتی: دیدگایەکی مێژوویی کورت

ئیمپراتۆریەتی عوسمانی یەکەمین سەکۆبوو بۆ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردیی هاوچەرخ. لە ساڵی ١٨٧٠کاندا، ڕیفۆرمەکانی "تەنزیمات"ی عوسمانیەکان کاریان لەسەر بەەێزکردنی شێوازێکی بەڕێوەبردنی نوێکرد کە کەمترین پەیوەندی لە نێوان دەسەڵاتداران و دانیشتوانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیاندا هەبوو، ئەمەش دەسەڵاتی میرەکانی ناوچەکەی خستە ژێر پرسیارەوە کە پشتاوپشت کورسی دەسەڵاتیان بۆ مابووەوە. ئاژاوە بڵاوبوویەوە لەو ناوچانەدا کە پێشترلەژێر حوکمی میرنشینەکانی ناوچەکانی کوردستانی عێراق و باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیای ئەمڕۆدابوون. لە جێی میرە کوردەکانی پێشوو "سیمای سەیر و نائاشنای شێخەکان دەرکەوتن کە سێبەرێکی نوێی دەسەڵاتێکی ڕەهابوو بەسەر ئەم ناوچە پڕکێشانەدا"[4] شێخ عوبەیدوڵڵا، کە کەسایەتییەکی گرنگی ئاینی و سەرۆک تیرەیەکبوو لە باشوری ڕۆژهەڵاتی ئێستای تورکیادا، لە یەکەمین کەسەکانبوو کە

---

[3] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم مشت و مڕە Denise Natali, *The Kurds and the State: Evolving National Identity in Iraq, Turkey and Iran* (Syracuse, NY: Syracuse University Press, 2005).

[4] خوێندنەوەی زیاتر: WadieJwaideh, *The Kurdish National Movement: Its Origins and Development* (Syracuse, NY: Syracuse University Press, 2014), 75.

کوردەکان بە "گەلێکی جیاواز" لەقەڵەمبدات.[5] ئامانجی ئەو یەکگرتنی شێخە کوردەکانی ناوچە جیاوازەکانبوو بە مەبەستی دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش بەرهەڵسیی دژ بە عوسمانیەکان ڕاگەیاند لەساڵی ١٨٧٩دا.[6]

سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم لە سەرانسەری ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا بووە هۆی ڕەگداکوتینی ئەم بیر و باوەڕە دەستەجەمعیەی شووناسی نەتەوەیی کوردی.[7] دواتر و لەگەڵ دەستپێکی شکستەێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، پۆلێکی نوێ لە سەرکردەی کورد، بە ڕابەرایەتی سەرۆک تیرە و شێخە ئاینییەکان، سەریان هەڵدا و خەباتیان دژ بە حکومەتە ناوەندییەکان و هێزەکانی کۆلۆنیالیزم لە ناوچەکانیان بەرپاکرد، بە تایبەتیش لە ناوچە کوردنشینەکانی ئەوکات بووبوون بە بەشێک لە عێراقی هاوچەرخ.[8]

لە ١٩٣٠کاندا، بار و دۆخ جارێکی تر گۆڕانکاریی بەسەردا هات کاتێک هەندێک سەرکردەی کورد دەستیان بە خستنەکاری ئەجێندا ناسیۆنالیستەکانیان کرد لە ڕێگەی دامەزراوەیی حیزبی سیاسییەوە. لەنێو ئەم سەرکردانەدا مەلا مستەفا بارزانی ،باوکی مەسعود بارزانیی سەرکردەی ئێستای کورد، بوونی هەبوو. لە بارەگا نوێکانیانەوە لە ئێران، سەرکردە شارییەکان دەستبەکاربوون، کە زادەی ئەجێندا و بیر و باوەڕێکی پێشکەوتووخوازتربوون لە سەرکردە ئاینییەکانی پێش خۆیان و شێوازی حوکمداری و خوێندەوارییان لە پێش خەباتی چەکدارییەوە دەبینی،

---

[5]خوێندنەوە زیاتر: Robert Olson, *The Emergence of Kurdish Nationalism and the Sheikh Said Rebellion, 1880–1925* (Austin, TX: University of Texas Press, 2010)

[6]خوێندنەوەی زیاتر: WadieJwaideh, *The Kurdish National Movement: Its Origins and Development* (Syracuse, NY: Syracuse University Press, 2014), 80.

[7]کۆمەڵەی سیاسیی کوردی و ڕێکخراوی کلتوری لە ئیستەنبوڵ و شوێنی دیکە دەستیان بەسەرهەڵدان کرد، بیر و باوەڕی نەتەوەییان لە ڕێی بڵاوکراوە نەێنیەکانیانەوە بڵاودەکردەوە. "تەکیەکان" کە شوێنی کۆبوونەوەی سۆفی مەزهەبەکانبوو، کەشێکی تەواو لەباری خولقاندبوو بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم شووناسە نەتەوەییە و شێوازەکانی خۆبەڕێوەبەری.
خوێندنەوەی زیاتر: die Jwaideh, *The Kurdish National Movement: Its Origins and Development* (Syracuse, NY: Syracuse University Press, 2014), 102–14.

[8]دوابەدوای جەنگی جیهانی یەکەم، ئەو نەخشەیەی ناوچەکە کە لە لایەن فەڕەنسا و بەریتانیاوە کێشرابوو کوردەکانی لە نێو سنوری چوار دەوڵەتی نوێدا دابەشکرد.

بەمەش توانییان پاڵپشتی بۆ خۆیان لە نێو چینی ڕۆشنبیرانی گەنج کۆبکەنەوە.[9] یەکەمین دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی لە مەهابادی ئێران، لە ساڵی ١٩٤٦دا بە ڕابەرایەتی قازی محەمەد، قازییەکی زۆر خوێندەوار کە لە نێو خێزانێکی دیاردا لە دایکببوو، و حیزبی دیموکراتی کوردستان، دامەزرێندرا کە حیزبەکەش هەر خۆی دامەزرێنەریبوو. بەڵام کۆماری مەهاباد لە کەمتر لە ساڵێکدا لە دامەزراندنی و بە هۆی پشتبەستنیان بە یەکێتی سۆ□یەت کە خاوەن بەڵێنی خۆیان نەبوون شکستی هێنا و هەڵوەشایەوە. بەڵام دوابەدوای کۆماری مەهاباد شانۆی قۆناغێکی نوێی کوردایەتی سازبوو، بە ڕابەرایەتیی سەرکردەی ناسیۆنالیستیی نوێ کە زادەی چینی ڕۆشنبیرانبوون.

هێشتا گۆڕانکارییەکی تریش لە ئارادابوو، ئەم جارەیان لە عێراق. دوای شکستەکەی مەهاباد، مەلا مستەفا لە عێراق پارتی دیموکراتی کوردی دامەزراند کە دواتر ناوەکەی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان گۆڕدرا.[10] ئەجێندای پارتی دیموکراتی کوردستان بە شێوەیەک داندرابوو کە هەردوو بەرەی محافزکار و ڕیفۆرمخواز ڕازیبکات، هاوسەنگییەک کە دەرکەوت ڕاگرتنی ئاسان نەبوو. کرۆکی جموجۆڵی سیاسیی کوردی بووە هۆی درووستبوونی ناکۆکی لە نێوان چەپڕەوە شارییەکان، بە جەلال تاڵەبانییەوە، و محافزکار و تیرەگەرەکانی لایەنگری بارزانی کە دەسەڵاتێکی زیاتریان بەسەر باڵە چەکدارەکەی حیزبەکەدا هەبوو.[11] لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی عێراق، لە سلێمانی، بەرەیەکی ناسیۆنالیستی کوردیی نزیک لە بیروباوەڕی ماوی سەری هەڵدا.[12]

لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا، سیاسەتی هاوچەرخ دەستی کرد بە وەرگرتنی فۆرم و شێوەی تایبەتی خۆی. لە ساڵی ١٩٧٥دا، دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

---

[9] خوێندنەوەی زیاتر: WadieJwaideh, *The Kurdish National Movement: Its Origins and Development* (Syracuse, NY: Syracuse University Press, 2014), 241.

[10] خوێندنەوەی زیاتر: David McDowall, *A Modern History of the Kurds* (London: Tauris, 2014), 296.

[11] خوێندنەوەی زیاتر: Gareth R.V. Stansfield, *Iraqi Kurdistan: Political Development and Emergent Democracy* (London: Routledge, 2010), 66.

[12] لایەنە چەپڕەوەکان ڕەخنەیان لە هەردوو بەرەی بارزانی و ئەحمەد تاڵەبانیش دەگرت لە نێو پارتی دیموکراتی کوردستاندا، بەڵام زیاتر خۆیان بە هاوبیری بەرەی تاڵەبانی دەزانی و زیاتر مامەڵەیان لەگەڵ ئەو بەرەیەدا دەکرد. خوێندنەوەی زیاتر: Gareth R.V. Stansfield, *Iraqi Kurdistan: Political Development and Emergent Democracy* (London: Routledge, 2010), 82.

بە ڕابەرایەتیی جەلال تاڵەبانی لێکترازانێکی دروستکرد لەو فۆرم و حوکمە دامەزراوەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان نوێنەرایەتیدەکرد.[13] جیاواز لە پارتی، سەرکردایەتیی یەکیەتی زۆربەی ئەندامەکانی لە چەند گروپێکی جیاوازی چەپڕەو پێکهاتبوون، پێچەوانەی پارتی کە سەرکردایەتییان لە یەک بنەماڵەوە ڕێچکەی بەستبوو. حیزبەکە دەستی بە دامەزراندن و پەرەپێدانی چەند ڕێکخراوێک کرد کە نوێنەرایەتی خوێندکاران و جوتیاران و چەندین چینی تری کۆمەڵگایان دەکرد. کاریگەریی ئایدیۆلۆژیای چەپڕەو لەسەر بزووتنەوەی کوردی لە عێراق سنوورەکانی تێپەڕاند و کاریگەری لەسەر کۆمەڵەکانی خوێندکارانی تورکیا دروستکرد کە بووە هۆی دامەزراندنی حیزبێکی نوێ: پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)، کە لە هەر چوار گۆشەی کوردستانەوە دەستیان بە وەرگرتنی ئەندامەکانیان کرد.

## کوردستانی عێراق وەک چەقی قورسایی

لە عێراق، سەرکردە کوردەکان توانییان دەسکەوتە سەربازییەکانیان بکەنە پڕۆژەیەکی سیاسیی بەردەوام و نەوەیەک لە کوردانی عێراق دوای خۆیان بخەن. واقیعێکی نوێ لە کوردستانی عێراق سەریهەڵدا، بنیاتنراو لەسەر ناوچەیەکی خاوەن ئۆتۆنۆمی و دام و دەستگای نیمچە دیموکراتی، کە دووبارە ڕوانگەیەکی نوێی دایە چەمکی کوردایەتی.

هێرشەکانی سەدام حسێن بۆ سەر ئێران لە ١٩٨٠دا و دواتر داگیرکردنی کوەیت لە ١٩٩١دا هەلێکی بۆ پارتی و یەکیەتی و هێزە چەکدارەکانیان (پێشمەرگە) ڕەخساند کە هاوکاری ناوچەیی و نێودەوڵەتی بەدەستبهێنن بۆ پاڵپشتیی خەباتە چەکدارییەکەیان. لە ساڵانی ١٩٨٠دا هاوپەیمانییەکانی حیزبە کوردییەکان لەگەڵ دەوڵەتە ناوەندییەکاندا بەرز و نزمییەکی زۆری تیادا بینرا: ئێران پاڵپشتیی حیزبە کوردییەکانی کرد لە هێرشکردنە سەر دەوڵەتی عێراق، هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی ناکۆکی لە نێوان یەکیەتی و پارتیدا، یەکیەتی لە سەرەتای ئەو دەیەیەدا لایەنگریی سەدام حسێنی کرد. دواتر، هێرش و دەستدرێژییە بێ بەزەییەکانی

[13] یەکیەتی لە هاوپەیمانییەکی نێوان کۆمەڵە (پارتێکی نهێنیی شێوە ماوی، کە نوێنەرایەتیی نەوەیەکی نوێی دەکرد) و چینی ڕۆشنبیرانی شار و چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگا پێکهات. کۆمەڵە لە لایەن نەوشیروان مستەفاوە دامەزرێندرا کە دواتر بوو بە ڕابەری بزووتنەوەی گۆڕان دوای دامەزراندنی لە ٢٠٠٩دا. خوێندنەوەی زیاتر: Gareth R.V. Stansfield, *Iraqi Kurdistan: Political Development and Emergent Democracy* (London: Routledge, 2010), 91.

سەدام حسێن بۆ سەر کوردەکان بە سەدان هەزار کوردی لە ماڵەکانیان ڕاگواست و بەرەو سنوری تورکیا و ئێران کۆرەویان کرد. ئەم ەێرش و دەستدرێژییانە، لە بەدناوترینیان شاڵاوی ئەنفالی ساڵی ١٩٨٨ ی کۆتایی هەشتاکانبوو کە کیمیاوی بارانی هەڵەبجەشی لەخۆگرت[14] ، و دواتر ەێرشی سەرکوتکەری ڕژێمی بەعس بۆ کۆتاییەێنان بە ڕاپەڕینی کوردانی ١٩٩١ی لەخۆگرت. ئەم قەیرانەی کۆرەوی بەلێشاوی کوردان سەرنجێکی پێشتر نەبینراوی میدیای نێودەوڵەتیی بۆ دۆزی کورد ڕاکێشا و سەرکردەی حیزبە کوردییەکانی خستە بەر نیگای جیهان. بەمە، چینێکی نوێی سیاسەتمەدار هاتنەبوون.

دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ی کوردان دژ بە ڕژێمەکەی سەدام حسێن (کە لە مێژووی کوردا بە "ڕاپەڕین" ناسراوە) و شکستەێنانی عێراق لە جەنگی کەنداودا، ەێزەکانی سەدام حسێن لە ناوچە کوردنشینەکانی باکوری عێراق کشانەوە و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ەێڵێکی دژە فڕینی سەپاند بەسەر ناوچەکەدا. لەژێر سایەی ئەم پاراستنە نێودەوڵەتییەدا، حیزبە سیاسییە کوردیەکان توانییان دام و دەستگاکانی خۆبەڕێوەبەری دابمەزرێنن و لە جەنگاوەرەوە ببنە فەرمانڕەوا. ئۆرگان و پێکهاتە ناوخۆییەکانی حیزبەکان بەەێزبوون و پەرەیانسەند و چەندین بارەگای حیزبی و ئۆفیسی خۆجێی لە سەرتاسەری کوردستانی عێراقدا دامەزرێندران. پڕۆسەی دەنگدانیان ئەنجامدا و حکومەتی هەرێمی کوردستانیان دامەزراند و ەێزەکانی پێشمەرگەی هەردوو حیزب بە ڕێکخراوەیی و پەرۆفێشناڵکران. سەرۆک بارەگاکان و فەرماندە گەریلاییەکان پلەی سەرکردایەتییان گرتەدەست لە ئیدارە نوێیەکەدا. بەشداریی سەرکردەکان لە خەباتی چەکداریدا دژ بە سەدام حسێن بوو بە بەڵگەی هەستی نیشتمان پەروەرییان و ئەمەش نەوەیەک لە کوردانی عێراقی خرۆشاند تا بێنە ریزەکانیانەوە و دوایان بکەون. ەێزی پێشمەرگە بوو بە سومبولێکی پیرۆزی خەبات دژ بە سەرکوت کاری.

هەرچەندە سەرکردەکانی کوردستانی عێراق سەرکەوتووبوون لە خەباتی چەکدارییاندا، بەڵام تاقیکردنەوەی خۆبەڕێوەبەری ئەزموونێکی نوێبوو بۆیان. لە ناوڕاستی ١٩٩٠کاندا، یەکیەتی و پارتی شەڕی ناوخۆیان بەرپاکرد و دەستکەوتە مێژووییەکانیان نیواونیو دابەشکرد. هەر لایەنە بە دوای بەدەستەێنانی پاڵپشتیی دەرەکیدا گەڕا دژ بە

[14] شاڵاوی ئەنفال ساڵانێک دوای ڕووداوەکە ئینجا لە لایەن جیهانەوە ئیدانەکرا، ئەمەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ کپکردنی بە ئامانجی ڕەخنەکان لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە لەسەر سەدام بۆ کیمیاوی بارانی هەڵەبجە. See oostHiltermann, *A Poisonous Affair: America, Iraq, and the Gassing of Halabja* (Cambridge, U.K.: Cambridge University Press, 2007).

لایەنەکەی تر: یەکیەتی بەدوای بەدەستهێنانی پاڵشتیدا ڕووی کردە ئێران و پارتیش ڕووی کردە سەدام حسێن تا بە پاڵشتیی عێراق یەکیەتی لە شاری هەولێر وەدەربنێت. هەرچەندە لە ساڵی ١٩٩٨دا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نێوەندگیری کرد و ئاشتەواییەکی زەحمەتی هێنایە بەرهەم بۆکۆتایی هێنان بە شەڕی ناوخۆ، بەڵام ناوچەکە لە نێوان دوو حیزبەکەدا بە دابەشکراوی مایەوە و حوکمی دوو ئیدارەیی بەردەوامبوو، پارتی لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆکی ڕۆژئاوای کوردستانی عێراق و یەکیەتیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی عێرق و بە تایبەت لە پارێزگای سلێمانی باڵادەستبوون.[15] هەردوو حیزب دەسەڵاتی خۆیان چەقبەستووتر کرد بەسەر هێزە ئەمنیەکانی سەر بە خۆیان و ئاژانسە هەواڵگرییەکانیان و تۆڕە ئەمەکدارەکانی حیزبەکانیان، لەمەش زیاتر ڕێبازێکی هێزی ئاسایش و حوکمداری حیزبییان دامەزراند کە تا ئەمڕۆش دام و دەستگاکانی کوردستانی عێراق بە دەستیەوە دەناڵێنێت.

هێرشی ئەمریکا بۆ عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا هەلێکی بەخشییە حیزبەکان کە شەرعیەت و دەسەڵاتیان نوێببێتەوە. دەستووری عێراقی ٢٠٠٥ کوردستانی عێراقی ، لە سەردەمی دوای سەدامدا، وەک هەرێمێکی فیدراڵ ناساند. بەم شێوەیە کوردەکان بوون بە هاوپەیمانی خاوەن تایبەتمەندیی ویلایەتە یەکرگرتووەکانی ئەمریکا و بۆ یەکەمین جار بوون بە خاوەن ڕۆڵ و کاریگەری لە بەغداد.[16] لە ساڵی ٢٠٠٦دا، یەکیەتی و پارتی بە فەرمی ئیدارەکانیان یەکخستەوە و یەک حکومەتی هاوبەشی هەرێمی کوردستانیان لە هەولێر دامەزراند، وەک ئەوەی لاپەڕەیەکی نوێیان بەسەر ساڵانی پڕ کارەساتی نەوەتەکانی شەڕی "براکوژی" (چەمکێکی کوردی بۆ ناکۆکی ناوخۆیی کە بە وەرگێڕانی وشەیی بە مانای کوشتنی برای خۆ دێت)دا هەڵدابێتەوە.[17]

---

[15] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر شەڕی ناوخۆ و دابەشکردنی دواتری کوردستانی عێراق: Gareth R.V. Stansfield, *Iraqi Kurdistan: Political Development and Emergent Democracy* (London: Routledge, 2010), 153–57.

[16] بۆخوێندنەوەی دەستووری عێراقی ٢٠٠٥: https://www.constituteproject.org/constitution/Iraq_2005.pdf?lang=en (accessed December 21, 2018).

[17] خوێندنەوەی زیاتر: "Caught in the Whirlwind: Torture and Denial of Due Process by the Kurdistan Security Forces," Human Rights Watch, July 2007, https://www.hrw.org/reports/2007/kurdistan0707/kurdistan0707web.pdf.



جەلال تاڵەبانیی سەرۆک کۆماری عێراق وتاردەدات لە مەڕاسیمی واژووکردنی ڕێککەوتنێکی سێ لاپەڕەییدا لەسەر هاوپەیمانێتییەکی نوێی کورد و شیعە میانڕەوەکان لە کۆبوونەوەیەکدا لە ١٦ی ئابی ٢٠٠٧دا لە بەغداد، عێراق. سەرچاوە: خالید محەمەد/گێتی ئیمیجز

شانۆکە سازبوو بۆ دەرکەوتنی هەرێمی کوردستان وەک دیموکراسییەکی پەرلەمانیی گەشەسەندوو. هەڵبژاردن بەڕێوەچوو و پەرلەمان وەک سەکۆیەک بۆ دیبەیت دەرکەوت و توانای کۆمەڵگای مەدەنی گەشەیسەند.[18] جیابوونەوەیەک لە نێو یەکیەتیدا لە ساڵی ٢٠٠٩دا بووە هۆی دروستبوونی حیزبێکی ئۆپۆزسیۆنی بەهێز، بزووتنەوەی گۆڕان. گۆڕان بۆ یەکەم جار بەرەنگاریی سیستەمی جووت بەڕێوەبەریی یەکیەتی و پارتی کرد. هاوکات، ئابووریی گەشەسەندووی کوردستانی عێراقی دوای ٢٠٠٣ کوردانی هەموو بەشەکانی کوردستان و کوردانی تاراوگەشی هاندا بگەڕێنەوە بۆ ئەو هەرێمەی کە زۆرێک وەک پەرەسەندووترین نموونەی خۆبەڕێوەبەریی کوردی دەیانبینی.[19]

[18] خوێندنەوەی زیاتر: Kamal Chomani, “The Challenge Facing Gorran to Change,” Kurdish Policy Foundation, September, 5 2014. https://kurdishpolicy.org/2014/09/05/the-challenges-facing-gorran-to-change/. See also “Iraqi Kurdistan: Civil Society at the Crossroad,” Democracy Digest, June 29, 2017.https://www.demdigest.org/iraqi-kurdistan-civil-society-crossroads/.

[19] خوێندنەوەی زیاتر: CaleSalih, “Middle East ‘Brain Drain’ Reverses,” Al-Monitor, December 2,

بەڵام ئەو هەموو خوێنە ڕژاوە و ئەو هەموو کەسەی پەیوەستن بە سیستەمی ئەمەکدارییی حیزبییەوە بوونەتە بەردی بناغەی ئەم بەربەستەی لە ئێستادا کوردستانی عێراق پێیدا تێدەپەڕێت. کەواتە مێژووی کوردایەتی ئەفراندنێک بۆ پەرەسەندنی داهاتووی نیشاندەدات، بەڵام لە هەمان کاتدا مێژووش تێمان دەگەیەنێت بۆچی لە دۆخی ئابووری و سیاسیی ئێستادا کوردایەتی گەیشتووەتە ئەم قۆناغە وەستاو و بەر بەربەستە.

## دەستکاریکردنی ڕابردوو

سەرکردەکانی کوردستانی عێراق بەردەوامن لە شەرعیەتدانی سیاسی بە خۆیان لەسەر بنەمای دەستکەوتەکانی ڕابردوویان لە خەباتی چەکداری و بنیاتنانتی بناغەی خۆبەڕێوەبەریی هەرێمەکە. ئەوان پەنا بۆ ڕابردوو دەبەن بۆ قەرەبووکردنەوەی کورتهێنانەکانی حوکمداریی ئێستایان. لەگەڵ بچوکبوونەوەی بەردەوامی کوردایەتی لە ئامرازێکدا بۆ شەرعیەتدانی دەسەڵات بە سەرکردەکان، چیدی کوردایەتی هەستێکی کۆکەرەوە نادات بە کوردەکان کە ئەوان هاوبەشن لە کۆمەڵگای کوردیدا.

سەرکردایەتیی کوردی لە گێڕانەوەی کوردایەتیدا دووبارە مێژووی نووسیوەتەوە. زۆرێک لەوانەی جەنگاوەرەکانی دوێنێبوون ئەمڕۆ چیرۆکی کوردایەتی بە تەواوی پەیوەست دەکەن بە خۆیانەوە و خۆیان وەک پاڵەوانی هەمیشەیی خەباتی نەتەوەیی وێنا دەکەن. لەم گێڕانەوەیەدا، ئەوانەی بەشدارنەبوون لە دامەزراندنی کوردستاندا وەک کارەکتەری خاوەن هەڵوێست وێنا ناکرێن، بە پێچەوانەوە ئەوان تەنها سوودمەندێکی بێ هەڵوێستبوون لە دەستکەوتەکانی سەرکردەکانی ئەمڕۆ بەدەستیان هێناوە.

گەڕەکە سەرەکییەکان و زانکۆکان لە کوردستان بە ناوی ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١ەوە ناویان لێنراوە "ڕاپەڕین". منداڵان گۆش دەکرێن بە چیرۆکی پاڵەوانییەتیەکانی پێشمەرگە دژ بە ڕژێمەکەی سەدام حسێن. بەڵام پەرتووکە مێژووییەکان ڕووداوی وەک شەڕی ناوخۆی نێوان یەکیەتی و پارتی لە ناوەڕاستی نەوەتەکاندا

---

2012, https://www.al-monitor.com/pulse/originals/2012/al-monitor/reversebraindrain.html.

دەپەڕێنن کە بووە هۆی مردن و ڕاگواستنی هەزاران کورد و دووبارە هاتنەوەی هێزەکانی سەدام حسێن بۆ کوردستان، تەنها چەند ساڵێک دوای کشانەوەی تاکلایەنەیان لە ناوچەکە لە ساڵی ١٩٩١دا. "ئێمە هیچ سەرنجێک ناخەینە سەر باسکردنی ئەوەی ڕوویدا لە ساڵانی نەوەتەکاندا (شەڕی ناوخۆ) لە پرۆگرامی خوێندندا، چونکە ئەزموونێکی نەرێنی بوو. لە کوردەواریدا پەندێک هەیە، کە باسی شتانی لەم چەشنە دەکەیتەوە 'دووبارە خوێنەکە دەکوڵێنیت' ،" پشتیوان سادق، وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە حوزەیرانی ٢٠١٨دا وتی.[20] هاوکات، دەسەڵاتی سەرکردەکان بەسەر دام و دەستگاکاندا، ڕێگایەکە بۆ دووبارە نووسینەوەی مێژووی ڕووداوە نزیکترەکان. بۆ نموونە، لە ٢٠١٨دا وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دوای ڕێگایەکدا دەگەڕا کە ڕیفراندۆمی سەربەخۆییەکەی ئەیلولی ٢٠١٧ بخاتە نێو پرۆگرامی خوێندنی مافی مرۆ□ەوە و وەک سەرکەوتنێک بۆ مافی مرۆ□ وێنای بکات لە کاتێکدا کە شکستێکی نکۆڵی لێنەکراوبوو.

زۆرێک لە سەرکردە زۆر دیارەکانی کوردستانی عێراق ڕابردوویان وەک کارتی فشار بەکاردەهێنن بۆ پارێزگاریکردن لە جڵەوی درێژخایەنی دەسەڵاتیان. بۆ نموونە، مەلا بختیار، ئەندامی مەکتەب سیاسیی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان، لە بەرانبەر تووڕەیی زیادبووی ڕای گشتی بەرانبەر حیزبەکان لە کانوونی دووەمی ٢٠١٨دا وتی کە گەر یەکیەتی لە هەڵبژاردنەکانی ئەیلولی ئەو ساڵەدا بشدۆڕێت ئەوا حیزبەکە جڵەوی دەسەڵات لەدەستنادات. ئەو لە وتەکانیدا بۆ ڕاگەیاندنەکان وتی: "ئێمە ئەگەر یەک کورسی بێنین و ئەگەر سەد کورسی بێنین هەر یەکێتی نیشتمانی کوردستانین." وتیشی یەکیەتی، وەک پارتی، چەندین دەیە قوربانی داوە و ململانێی کردووە بۆ سەرخستنی دۆزی کوردی و هەر بۆیە دەسەڵاتی بەهێزی بەسەر هێزە ئەمنیەکان و پێشمەرگەدا هەیە.[21] یەکیەتی ڕاشیگەیاند کە کۆنگرەی ساڵی ٢٠١٨یان لە ٥ی ئاداردا (لە ساڵیادی ڕاپەڕیندا) ئەنجام دەدەن کە دووبارە جەختکردنەوەیە لە دەستکەوتەکانی سەرکردە دیارەکانی نەوەی پێشوو.[22]

---

[20] پشتیوان سادق، چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەری وتارەکە، هەولێر، ١١ی حوزەیرانی ٢٠١٨

[21] خوێندنەوەی زیاتر: "PUK to Keep Grip on Security Forces Even If Defeated in Elections, Official," Rudaw, January 8, 2018, http://www.rudaw.net/english/kurdistan/08012018.

[22] خوێندنەوەی زیاتر: PUK Party to Hold General Congress on Great Uprising Anniversary," *PUK Media*, February 15, 2018 https://www.pukmedia.com/EN/EN_Direje.aspx?Jimare=42771
بەڵام کۆنگرەکە بەهۆی کێشە ناوخۆییەکانی حیزبەکەوە دواخرا

دەستکاریکردنی ڕابردوو کەلێنێکی بێ متمانەیی نێوان نەوەکان دروست دەکات: پێگەی ئەوانە بەرزدەکاتەوە کە ڕۆڵیان هەبووە لە خەباتی مێژوویی بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی کوردی و هاوکات ڕۆڵی ئەوانەی بەشدار نەبوون لە خەباتەکەدا بەڵام پەرۆشی و لایەنداری سیاسییان هەبووە نزم دەکاتەوە و بە ناگرنگ لە قەڵەمی دەدات. ئەمە ناکۆکی و گرژی لەسەر ئاستی بچوک و گەورەش دروست دەکات. سەعدی، کە باوکێکی تەمەن شەست ساڵانە لە هەولێر دەڵێت: "ئێمە کەسانی بەهێزبووین،" ئەو دیدگای زۆرێک لە بەتەمەنەکان دەخاتەڕوو لەسەر جیاوازی نێوان دوو نەوەکە و دەڵێت:

"ئێمە لە بار و دۆخی تەواو نالەباردا گەورەبووین. ئێمە هەموو کات ئامادەبووین بجەنگین، ئەمەش وای لێکردین کوردستانمان زیاتر خۆشبوێت. گەنجەکانی ئەمڕۆ نەوەیەکی "هیچ"ن کە هەستی بەرژەوەندی گشتییان لەدەستداوە... گەنجانی کورد بە باشتری دەزانن بچن بۆ ئەڵمانیا و لەوێ پەتاتە پاکبکەن. لە کاتێکدا هیچ یەکێکیان ئامادەنین لە ڕێستۆرانتێکدا لێرە کاری گارسۆنی بکەن. تۆ چۆن ئەمە شی دەکەیتەوە؟ بە کورتی: ئەوان منداڵی بە نازبەخێوکراون و زۆر دراوە بە دەمیانەوە."[23]

بە هەمان شێوە، ئازاد کە پیاوێکی کوردە لە پەنجاکانی تەمەنیدا پێی وابوو کە گەنجەکان کەمتر ئامادەیی قوربانیدانیان هەیە. ئەو دەیگوت: "لە ساڵی نەوەتەکاندا، "کوردبوون" جیاوازبوو، کوردبوون بە مانای زەحمەتی و تێکۆشان دەهات. خەباتە چەکدارییەکەمان مانای دەدا بە شووناسمان. ئێستا، زۆرێک لە کوڕەکانمان دەڵێن ئامادەین لە بەرەکانی جەنگدا بمرین، بەڵام ئەمانە تەنها قسەن." [24]

لە لایەکی تر، ئەوانەی دوای ساڵی ١٩٩١ لەدایکبوون زیاتر و زیاتر هەست بە نامۆیی دەکەن بەو چیرۆک و گێڕانەوەیەی کوردایەتی کە ڕۆڵی ئەمان بە نزم و کەم بایەخ تەماشا دەکات. ئەوان زۆر جار بە شێوەیەکی شێواو باسی ڕابردوو دەکەن، بە شێوەیەک کە کێشەکانی ئێستایان گەورەتر دەربخات. دەڵێن: " کاتی سەدام خەڵکی موچە و کارتی بەشە خۆراکی مانگانەی هەبوو. ئەوکات گەندەڵی بوونی نەبوو." ئەمە وتەی شاکۆیە، دوکاندارێکی شەرمنی تەمەن پانزە ساڵ لە بازاڕی

---

[23] سەعدی، چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەری وتارەکە، هەولێر، ئاداری ٢٠١٦. تەنها ناوی یەکەممان (هەندێک جاریش ناومان بەکار نەهێناوە) تا شووناسی سەرچاوەکانمان بە نهێنی بمێننەوە کە دژی دەسەڵات قسەیان کردووە. چاوپێکەوتنەکان بە کوردی سازکراون.

[24] ئازاد، چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەرانی وتارەکە، هەولێر، ئاداری ٢٠١٦.

سلێمانی.[25] حەسەنیش دوکاندارێکی تەمەن شانزە ساڵە لە بازاڕی هەولێر و قسەکانی هاوچەشنی ئەوانەی شاکۆبوون، ئەو دەیوت: "کاتی سەدام گەندەڵی نەبوو و بار و دۆخ باشتربوو، بۆ کوردەکانیش. ئەو کاتە هەندێک لە کوردەکان لەبەر کوردایەتی بوون بە پێشمەرگە، بەڵام هەموویان لە برساندا لە چیاکان مردن. ئەوانی تریش بوون بە پێشمەرگە لەبەر ئەوەی تاوانباربوون و لە حکومەت خۆیان حەشاردەدا، هەر ئەوانەشن دواتر بوون بە بەرپسەکان و دزەکان."[26] بۆ زۆرێک لە گەنجان، ڕاستییەکانی مێژووی نیشتمان پەروەری کوردیش، وەک تێکۆشان و بەرهەڵستیی نەوەی پێشوو دژ بە ڕژێمی سەرکوتکەر لە بەغداد، بایەخی وەک خۆی نەماوە لایان و تێکچووە بە هۆی تێوەگلانی ئەو نەوە شۆرشگێڕە لە دەسەڵاتدا.

کاتێک نەوەی نوێ بەریەک کەوتنی دەبێت لەگەڵ ئەم شێوە بیرکردنەوە و ڕێبازەدا، وایان لێ چاوەڕواندەکرێت کە قەرزارباری ئەو نەوەیەبن کە لە ئێستادا بە هۆکاری گیرخواردنی خۆیانی دادەنێن. ئەم دەستێوەردان و دووبارە ڕێکخستنەوەیەی مێژوو زۆر لە کۆمەڵگا و بە تایبەت لە چینی گەنجان دەکات کە بە پێی بیرکردنەوە و میکانیزمی کۆن هەڵسوکەوت بکەن. ژینگەی بیر و هزری سیاسیی نوێ دەخنکێنێت و هەلی سەرکردە ڕیفۆرمخوازەکان کەمدەکاتەوە تا سەرهەڵبدەن و بزوێنەری ئاڵوگۆری سیاسیبن بەرەو شێوازێکی حوکمداریی نوێ.



[25] شاکۆ، چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەری وتارەکە، بازاڕی سلێمانی،٧ی ئاداری ٢٠١٧.

[26] حەسەن، چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەری وتارەکە، بازاڕی سلێمانی،٧ی ئاداری ٢٠١٧.

پیاوان لەبەردەم تابلۆیەکی کوردیی سەر دیواردا قسە دەکەن لە پێش ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستانی ٢٣ی ئەیلولی ٢٠١٧وە، سلێمانی، عێراق. سەرچاوە: کریس مکگرات/گێتی ئیمیجس

## کوردایەتی لە میانەی ئاڵوگۆڕێکی پەککەوتوودا

لە جیاتی ئەوەی کوردستانی عێراق ببێت بە لایەنێکی سەرەکیی ناوچەیی خاوەن ئامانجی بوون بە نموونەیەکی دیموکراسی لە ناوچەکە، لە کاتێکدا کە گشت وڵاتە دراوسێکان ناکارا و ناڕێکخراوەیین، بە پێچەوانەوە گیریخوارد لە دۆخێکی چەقبەستوودا. ئەم بەشەی وتارەکە شیکردنەوەیەک دەکات بۆ ئەوەی چۆن پەیوەندیی پێکەوەلکاوی سەرکردە حیزبییەکان بە دام و دەستگاکانی کوردستانەوە لەگەڵ قەیرانی هەرێمەکە بوونەتە هۆی بەبەردبوونی شێوازی دەسەڵاتداری و ڕێگربوون لە بەڕێوەچوونی ئاڵوگۆڕێکی سیاسی لە قۆناغێکەوە بەرەو قۆناغێکی تر.

لە ساڵی ٢٠١١دا، ڕاپەڕینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا هانی سەدان کوردی دا (کە زۆرینەیان گەنجبوون) کە بڕژێنە سەر شەقام و داوای ئەجێندایەکی ڕیفۆرمخوازی بکەن. ئەوان دژ بە گەندەڵییەکانی یەکیەتی و پارتی و دەستبەسەراگرتنی سیستەمی سیاسی لە لایەن ئەو دوو حیزبە باڵادەستە و نادادپەروەری کۆمەڵایەتی دەستیان بە خۆپیشاندان کرد. ئەم خۆپیشاندانانە هەلێکی کورتخایەنی دایە ڕیفۆرمخوازەکان تا لەگەڵ کۆمەڵگای مەدەنیدا یەکبگرن و ببنە بزوێنەری دروستکردنی گۆڕانکاری، بەڵام لە جیاتی ئەمە، حیزبە سیاسییەکان دەسەڵاتی خۆیان بەسەر هێزە ئەمنیەکانی هەرێمدا بەکارهێنا بۆ ڕێکخستنی بڵاوەپێکردن و کۆتاییهێنان بە خۆپیشاندانەکان. لە دوای ٢٠١٤وە کوردستانی عێراق لە ڕووی دیموکراسیەوە بەرەودوا ڕۆیشت. دەرگاکانی پەرلەمان بۆ ماوەی سێ ساڵ (٢٠١٥-٢٠١٨) داخران و پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ماوەی یاسایی ڕێکەوتوولەسەری خۆی زیاتر درێژکرایەوە و پێشێلییەکانی مافی مرۆ□ زیادی کرد، کە کوشتنی چەند ڕۆژنامەنوسێکی گرنگی لەخۆگرت.[27] لەم کاتانەدا، ئۆپۆزسیۆنبوونی گۆران دژ بە یەکیەتی و پارتی بە بەزینی خۆیان کۆتایی هات. ئەمەش تەنها زیاتر هانی حیزبەکانی دەسەڵاتی دا کە لە هەوڵی مانەوەدا هەوڵەکانیان

[27] خوێندنەوەی زیاتر: "Kurdish Journalist Killed, Other Attacked amid Post-Referendum Tensions," Committee to Protect Journalists, October 30, 2017, https://cpj.org/2017/10/kurdish-journalist-killed-others-attacked-amid-pos.php.

ڕێکخراوەتر و یەکتربخەن بۆ سەرکوتکردنی دەنگی ناڕازی و ئۆپۆزسیۆنی سیاسی.

دوای لەدەستدانی هەلمەکەی ساڵی ٢٠١١، شەڕ و ناکۆکی و ڕووداوی کت و پڕ هەرێمەکەی تەوقدا و سەرکردەکانی دەسەڵاتی بەسەر ڕیفۆرمخوازەکاندا سەپاندەوە. سێ ڕووداوی کت و پڕ لە ٢٠١٤دا کلیلی سەرەکیی ڕێگریکردنبوون لە کۆمەڵگا تا دووبارە لە دژی دەسەڵات بخرۆشێت. یەکەم ڕووداو بڕینی بەشە بودجەی حکومەتی هەرێمبوو لە لایەن بەغدادەوە، کە ئەنجامی ناکۆکی نێوان هەولێر و بەغدادبوو لەسەر هەناردەی سەربەخۆی نەوت لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە.[28] ئەمەش لایەنێکی دەرەکیی بەخشیە سەرکردایەتی کوردی کە تۆمەتباریبکات و وەک هۆکاری باری ئابووریی ناڵەباری هەرێم نیشانی بدات. دووەم ڕووداو دابەزینی جیهانیی نرخی نەوتبوو. دابەزینی نرخی نەوت وایکرد حیزبەکانی دەسەڵات نەتوانن موچەی مانگانەی فەرمانبەرانی کەرتی حکومی لە کاتی خۆیدا و بە بڕی تەواو دابین بکەن.[29] چەندین بنەماڵە و چین و شاری جیاواز لەسەر بەدەستخستنی پارچە کێکێکی بچووکتر ململانێیان دەکرد. سێیەم ڕووداو سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسلامیبوو کە توانییان زاڵبن بەسەر سەرکردەکانی دەسەڵاتدا سەرەڕای دەسەڵاتی تەواویان بەسەر هێزە ئەمنییەکاندا. ڕیفۆرمخوازەکانیش نەیانتوانی بەرزبوونەوەی ناڕەزایی شەقام وەک کارتی فشار بەکاربهێنن و خۆپیشاندانەکان لۆکاڵی و جیاواز لە یەک بەڕێوەدەچوون و نەیاندەتوانی بەرەنگاری دەسەڵات بوەستنەوە.

لە ڕووی ناڕەزایی کەڵەکەبووی ڕای گشتیدا، هەندێک سەرکردەی کوردستانی عێراق و بە تایبەت مەسعود بارزانیی سەرۆکی هەرێمی ئەوکات، لە ٢٠١٧دا بە ڕێکخستنی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی گۆمەکەیان قۆڵترکرد. ڕاپرسییەکە دیبەیتی کوردایەتیی ڕوونکردەوە لە تاقە کێشەیەکدا، سەربەخۆیی، و سەربەخۆیی وەک ئامانجی چەندساڵەی خەباتی چەکداریی محافزکارەکان خستە ڕوو. دەنگدان بە "بەڵێ" لە ڕیفراندۆمەکەدا ڕازیبوون و هاودیدی دەگەیاند لەگەڵ ئەو سەرکردایەتییەی کە

---

[28] خوێندنەوەی زیاتر: Dmitry Zhdannikov, “Exclusive: How Kurdistan Bypassed Baghdad and Sold Oil on Global Markets,” Reuters, November 17, 2015, https://www.reuters.com/article/us-iraq-kurdistan-oil/exclusive-how-kurdistan-bypassed-baghdad-and-sold-oil-on-global-markets-idUSKCN0T61HH20151117.

[29] خوێندنەوەی زیاتر: Baghdad Money Squeeze Tests Limits of Iraqi Kurdistan’s Autonomy,” Reuters, March 17, 2014, https://uk.reuters.com/article/kurds-iraq/baghdad-money-squeeze-tests-limits-of-iraqi-kurdistans-autonomy-idUKL6N0MC03S20140317.

ڕیفراندۆمی سازکردبوو. هاوکاتیش، دەنگدان بە "نەخێر" مانای خیانەتبوو لە سەرەکیترین کرۆکی کۆمەڵەی کوردایەتی. ڕیفۆرمخوازەکان خرانە گۆشەیەکی زەحمەتەوە: زۆریان لێکرا یان بەشداربن لەم پڕۆژەیەی محافزکارەکاندا یاخود مەترسیی دەرکەوتن وەک خیانەتکار بێننە سەر خۆیان.

بە پێی ئامارەکانی حکومەتی هەرێم، ڕێژەی بەشداری کردن لە ڕیفراندۆمدا بەرزبوو و ٩٠%ی دەنگەکان بەڵێ بوو بۆ سەربەخۆیی.[30] بەڵام ئەم ئەنجامە سەربەخۆی فەراهەم نەکرد. لە جیاتی فەراهەم کردنی سەربەخۆیی، بووە هۆی کاردانەوەیەکی توند لە بەغداد و هاوپەیمانە نێودەوڵەتییەکانی کوردەکانەوە و بە ڕەوینەوە و لەدەستدانی زۆرێک لە دەستکەوتەکانی کوردستانی عێراق لە ساڵی ١٩٩١ەوە کۆتایی هات. لە هەموو ڕووداوەکانی کاردانەوەی دوای ڕیفراندۆم گرنگتریش کۆنترۆڵکردنەوەی زۆربەی ناوچە جێناکۆکەکانبوو، بە کەرکووک و دەور و بەرە دەوڵەمەند بە نەوتەکەیەوە، لە لایەن عێراقەوە. سەرەڕای ئەم ئەستەنگە نەرێنییە، لە نێو قەیرانەکەدا هەلێک بۆ سەرکردە کوردەکان ڕەخسا. ڕیفراندۆم و بەزاندنی هەوڵی ڕیفراندۆم لە لایەن عێراقەوە کەشێکی پڕ ترس و تۆقانی دروستکرد کە وای لە زۆرێک لە کوردەکان کرد کۆڵبدەن و بە بار و دۆخی ئێستایان ڕازیبن و لە ترسی دروستبوونی نائارامی بیر لە هەوڵی گۆڕینی نەکەنەوە. ئەم کۆڵدانە لە دەنگدانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی ٢٠١٨دا دەرکەوت، کاتێک پارتی و یەکیەتی سەرکەوتنیان بەدەست هێنا و پلەی یەکەم و دوەمیان بەدەستهێنا، سەرەڕای چوار ساڵ لە قەیران.[31] ئەم ئەنجامەی هەڵبژاردن دەکرێت وا شیبکرێتەوە کە بە هۆی کەمی بەشداریکردنی دەنگدانەوە بووبێت (کە

---

30 خوێندنەوەی زیاتر: Ahmed Aboulenein, “KDP Comes First in Iraqi Kurdistan Election,” Reuters, October 20, 2018, https://www.reuters.com/article/us-iraq-kurds/kdp-comes-first-in-iraqi-kurdistan-election-idUSKCN1MU0WY.

31 خوێندنەوەی زیاتر: Mina Aldroubi, “KDP Wins Iraqi Kurdistan Elections in Vote Marred by Fraud Allegations,” *The National*, October 21, 2018, https://www.thenational.ae/world/mena/kdp-wins-iraqi-kurdistan-elections-in-vote-marred-by-fraud-allegations-1.782818.

بە بەرژەوەندیی حیزبەکانی دەسەڵاتە کە دەنگدەری جێگیریان هەیە) و جگە لەمەش ساختەکاریی هەڵبژاردن، کە ئەنجامدانی زۆر ڕێی تێدەچێت.[32]



چەند پێشمەرگەیەک تەقەی خۆشی دەکەن بە بۆنەی ڕیفراندۆمەوە لە شەقامی بەردەم بنکەیەکی دەنگدان لە ٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٧دا لە کورکوک، عێراق. سەرچاوە: کریس مکگرات/ گێتی ئیمیجس

## ناوەڕۆکی ناوچەیی

پەککەوتنی گواستنەوە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر لە کورستانی عێراق بەشێکە لە ناوەڕۆکی ئاڕاستەیەکی سیاسیی گشتگیر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە تیایدا ڕژێم و دەسەڵاتە دامەزراوەکان خۆیان دەسەپێننەوە لە کاردانەوەی هەوڵە نەزۆکەکانی دروستکردنی گۆڕانکاری و دامەزراندنی سیستەمێکی حوکمداری نوێدا. بەهاری عەرەبی کە لە ساڵی ٢٠١٠دا سەری هەڵدا کوردەکانی عێراق و بە تایبەت چینی گەنجی هاندا بڕژێنە سەر شەقامەکان. بەڵام ناکۆکی و نائارامییەکانی کوردستانی عێراق کە دوابەدوای بەهاری عەرەبی کەوتنەوە بووە یارمەتیدەر بۆ ڕەگداکوتینی زیاتری سەرکردایەتیی دەسەڵاتی کوردی، بەهۆی ئەوەی هەڵگری بەڵێنی ئارامیبوون.

---

[32] خوێندنەوەی زیاتر: Tim Arango and Michael Schmidt, "Anger Lingers in Iraqi Kurdistan after a Crackdown," *New York Times*, May 18, 2011, https://www.nytimes.com/2011/05/19/world/middleeast/19iraq.html.

داواکارییەکانی خۆپیشاندەرانی ۲۰۱۱ی کوردستانی عێراق گۆرینی سەرکردایەتی سیاسی و ڕوخانی فەرمانڕەوایی جووت حیزبی و کۆتایی هێنان بە گەندەڵی و نادادپەروەری و پێشخستنی ئابوری و کۆمەڵایەتیبوو.[33] هەرچەندە لەو کاتەوە خۆپیشاندانی تر زۆر بەرێوەچوون، بەڵام هیچیان هێندە بەهێز نەبوون هەڵێکی بەهێزیان هەبێت لە بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتدا. شەپۆلی خۆپیشاندانەکەی ۲۰۱۱ نەک هەر تەنها بەشێکبوو لە شەپۆلە ناوچەییەکەی بەهاری عەرەبی، بەڵکو خۆپیشاندەران نیشانیاندا کە دەتوانن لە چەندین ناوچەی جیاوازەوە پێکەوە خۆپیشاندان بکەن و هەڵگری پەیامێکی تا ڕادەیەک هاوبەشی ناڕەزایی بە بارودۆخەن.

خۆپیشاندانە دیارەکان لەسەر شەقام زۆربەی لە ناوچەی پارێزگای سلێمانی بوون. نیشاندانی ناڕەزایی لە پارێزگای هەولێر و دهۆک، کە پێگەی بەهێزی پارتین و کۆنترۆڵە ئەمنیەکان زۆر زیاترن، کەمتر بە ئاشکرا دەکرا. بەڵام سەرەڕای ئەمە، خۆپیشاندەران پەیوەندییان لە دەرەوەی ناوچە لۆکاڵیەکانی خۆیان دروستکردبوو و ئەمەش نیشاندەری ئەو ڕاستیەبوو کە کێشە و دەردەسەرییەکانیان هاوبەشن. بۆ نمونە، دلێری تەمەن ۳۲ ساڵ کە هەڵسوڕاوی بزوتنەوەی گۆرانە لە ڕانیە و یەکێک بووە لە ڕابەرانی خۆپیشاندانەکانی ساڵی ۲۰۱۱ باسی ئەوە دەکات چۆن گروپەکانی خوێندکارانی زانکۆ لە سەرتاسەری کوردستانی عێراقەوە پەیوەندیی نزیکیان هەبووە و ئەمەش لە لایەن دەسەڵاتەوە بە مەترسی دانراوە. ئەو دەڵێت: "ئێمە لە زانکۆی ڕانیە پەیوەندییەکی زۆرمان لەگەڵ زانکۆی کۆیە (زانکۆیەک لە کۆیەی پێگەی بەهێزی یەکیەتی لە پارێزگای هەولێر) هەبوو. سەرکردەکان لە زانکۆکان دەترسان. پەنجا هەزار خوێندکاریان لە زانکۆی سەڵاحەدین لە هەولێر ناردەوە ماڵەوە."[34]

سەرەڕای ئەمە، خۆپیشاندانەکانی ۲۰۱۱ تەنها دوای دوو مانگ پەرت پەرتبوو و بەرەو نەمانچوو، دوای بڵاوەپێکردنێکی ڕێکخراو لە لایەن هێزە ئەمنیەکانی یەکیەتی و پارتیەوە. خراپبوونی بار و دۆخی ناوچەیی دوابەدوای بەهاری عەرەبی یارمەتیدەربوو بۆ سەرکوتکردنی ڕێڕەوی خۆپیشاندانەکان. کوردەکانی عێراق و بە تایبەت گەنجەکان بە ووردی تەماشایانکرد چۆن خۆپیشاندانە ئاشتیخوازەکانی سوریای دراوسێ و وڵاتانی تری جیهانی عەرەبی بە شەڕ کۆتاییان هات. ئەوان پەیامەکەیان

[33] خوێندنەوەی زیاتر: Tim Arango and Michael Schmidt, “Anger Lingers in Iraqi Kurdistan after a Crackdown,” *New York Times*, May 18, 2011, https://www.nytimes.com/2011/05/19/world/middleeast/19iraq.html.

[34] دلێر، چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەری وتارەکە، شاری سلێمانی،۱۲ی حوزەیرانی ۲۰۱۸

به ڕوونی و ڕەوانی پێ گەیشت: بەرهەنگاربوونەوەی دەسەڵات دەکرێت نائارامی بخولقێنێت. بەراورد بە ئاکامە خوێناوییەکانی ناکۆکییە ناوچەییەکان، دەردەسەرییەکانی خۆپیشاندەرەکان بچوک دەردەکەوت. بە پێچەوانەوە، ئارگیومێنتی دەسەڵات کە دەتوانن ئارامی و ئاسایشی کوردستانی عێراق بەهێڵنەوە بەهێز دەرکەوت. میدیا فەرمیەکانی حیزب خۆپیشاندانەکانی کوردستانی عێراقیان بە گێرەشێوێنی لەقەڵەمدا و وەک هۆکارێک بۆ تێکدانی ئەمنیەت و ئاسایش و خۆبەڕێوەبەری کوردستانی عێراق نیشانیاندا. هەنار، کچێکی خوێندەوار لە بیستەکانی تەمەنیدا لە هەولێر وتی: "ئێمە ویستمان شتێکی وەک بەهاری عەرەبی لە کوردستان بێنینە بەرهەم لە ٢٠١١دا، بەڵام ئێمە سەرکەوتوو نەبووین."

بە هۆی خۆپیشاندانەکانەوە جوداخوازیی نێوان نەوەکانیش هاتەبەرهەم. لە دیدگای ئەوانەوە کە ڕژابوونە سەر شەقام، خۆپیشاندانەکان فشارێکی زۆر پێویستبوو بەرەو بەدەستهێنانی شێوەیەکی نوێی سەرکردایەتی. بە پێچەوانەوە بەساڵاچووەکان و چینی نوخبە خۆپیشاندانەکانیان زیاتر وەک مەترسییەک لەسەر دەستکەوتە بە زەحمەت بەدەستهاتووەکانی کوردستانی عێراق دەبینی. وتەکانی ئاکۆ، گەنجێکی ٢٤ ساڵانی خوێندکاری ماستەر و کوڕی پێشمەرگەیەکی شەهیدی یەکێتی، ئەم دابەشبوونە لە بیروڕا لە نێوان نەوەکاندا دەخاتە ڕوو: ئەو دایکی سەرکۆنەی دەکرد لەبەر بەشداری کردنی لە خۆپیشاندانەکانی ٢٠١١ دا و پێی دەگووت بەشداریکردنی لە خۆپیشاندانەکاندا "بێ ڕێزییە بەرامبەر ئەوەی باوکی لە پێناویدا جەنگاوە." [35]

ناسەقامگیری ناوچەیی هاوکات وایکرد کوردستان وەک زۆنێکی دەگمەنی سەقامگیر بدرەوشێتەوە و بووە سەکۆیەک بۆ سەرکردە کوردەکان کە وەک یاریکەرێکی نوێی ناوچەیی و جیهانیش دەربکەون. بارزانی هاوکاریی سایسی و سەربازیی پێشکەش بە لایەنە هاوپەیمانە کوردییەکانی کرد لە سوریا، لە هەوڵێکدا بۆ زیادکردنی هەژموونی لەودیو سنوور. لە ٢٠١٣دا سەردانێکی مێژوویی دیاربەکری کرد کە پایەتەختی نافەرمیی باشوری ڕۆژهەڵاتی زۆرینە کوردنشینی تورکیایە.[36] ئەم هەڵوێستانەی پێگەی نەتەوەیی و محافزکاریی لە ناوخۆی هەرێم بەهێزترکرد، دوابەدوای گرفتەکانی دوای خۆپیشاندانەکانی ٢٠١١.

---

35 ئاکۆ، چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەرانی وتارەکە، شاری سلێمانی،٧ی ئاداری ٢٠١٧

36 خوێندنەوەی زیاتر: Umit Uras, “Kurdish Leader Makes Historic Turkey Visit,” *Al Jazeera*, November 20, 2013, https://www.aljazeera.com/indepth/features/2013/11/kurdish-leader-makes-historic-turkey-visit-201311208312697500.html.

له مانگی ئابی ٢٠١٤دا، دەوڵەتی ئیسلامی دەستی بەسەر موسڵ و ناوچەکانی دەوروبەریدا گرت تەنها چەند کیلۆمەترێک لە دەرەوەی سنوری ناوخۆیی هەرێمی کوردستان و عێراق. ئەم مەترسییە نوێیە گرنگیی بابەتی ئاسایش و سەقامگیریی زیادکرد لای ڕای گشتی و هەڵێکی تریشی بۆ سەرکردە کوردەکان ڕەخساند کە لەسەر شانۆی جیهان بدرەوشێنەوە. هێرشکردنە سەر هەولێر لە لایەن دەوڵەتی ئیسلامییەوە وەک ئەگەرێک ڕێی تێدەچوو. هەرچەندە زۆربەی ڕای گشتی کورد بەردەوامبوون لە بە گەندەڵ تەماشاکردنی سەرکردەکانی خۆیان، بەڵام سەرکردەکان هەندێک لە شەرعیەتی خۆیان بەدەستهێنایەوە کاتێك چوونەوە ڕۆڵی مێژوویی خۆیان وەک پارێزەرانی کوردستان لە مەترسییە دەرەکییەکان. ئەم تەکتیکە کاریگەربوو، گەر بۆ ماوەیەکی کورتیشبێت، بەڵام زۆرێک لە کوردان بە دوودڵییەوە لێیان دەڕوانی. ئەمیر گەنجێکی تەمەن هەژدەساڵانە کە لە ساڵی ٢٠١٤وە وازی لە مەکتەب هێناوە و ئێستا کاڵەی عادی دەفرۆشێت لە بازاڕی سلێمانی. ئەو شەڕدژ بە دەوڵەتی ئیسلامی بە فاکتەری سەرکوتکەری سەرەکیی بەرهەڵستی دادەنێت و دەڵێت: "ئەوان داعش (دەوڵەتی ئیسلامی) بەکار دەهێنن بۆ ترساندنی ئێمە. هیچ شۆرشێک لە کوردستاندا سەرهەڵنادات تا داعش لەسەر سنوورەکانمان بێت."[37]

لەگەڵ سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسلامیدا، سەرکردەکانی کوردستانی عێراقیش وەک هاوپەیمانی سەرەکیی لە هەڵمەتی سەربازیی نێودەوڵەتی دژ بە گروپە توندڕەوەکە دەرکەوتن. هێزە ڕۆژئاواییەکان هاوکاریی سەربازی و سیاسییان پێشکەشی کوردەکانکرد، کە کەسایەتییە حیزبییەکان زیاتر لە دام و دەستگا هاوبەشەکان سوودیان لێ بینی. سەرکردەکانی کوردستانی عێراق بانگی پایتەختەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا کران و وێنایانی وەک یاریکەرێکی نێودەوڵەتی لە سیاسەتی جیهاندا بەهێزکرد. وەک ئاکۆ، کە بەشداربوو لە خۆپیشاندانەکانی ٢٠١١دا، وتی: "ئەگەر هەموو وەزیرانی دەرەوەی وڵاتە ئەوروپییەکان سەردانی بارزانی بکەن کە هاتنە کوردستان، ئێمە چۆن زاتی ئەوە بکەین بیر لەوەبکەینەوە کە بە سەرۆکی خۆمانی دانەنێین؟"[38]

---

[37] ئەمیر، چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەرانی وتارەکە، بازاڕی سلێمانی،٧ی ئاداری ٢٠١٧

[38] ئاکۆ، چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەرانی وتارەکە، شاری سلێمانی،٧ی ئاداری ٢٠١٧

ناکۆکی و ئاراستەی سیاسی ناوچەکە هانی حیزبەکانی دا کە بەردەوامبن لە سیاسەتی حوکمداری لە ڕێی دابەشکاری و پەرتکردنی ڕای گشتیەوە، ئەمەش بووەهۆی سەرهەڵدانەوەی دابەشکارییەکی دیاری ناوچەیی و سیاسی و نێو نەوەکان لە سەرانسەری کۆمەڵگای کوردیدا. سەر ئەنجام، حوکمداریی کۆنی کوردستانیان سەپاندەوە، دوای ئەوەی لە لایەن خۆپیشاندانەکانی ٢٠١١وە خرایە ژێر پرسیارەوە.

## شووناسی ناوچەیی و هەڵوێستی ناتەریب

دوای چەندین دەیە لە شەڕ و ناکۆکی ناوخۆیی و حوکمداریی حیزبیی دابەشبوو، کوردەکانی عێراق زیاتر و زیاتر شووناسییان بەستووەتەوە بە ناوچەکانیانەوە. شووناسە ناوچەییەکان کۆمەڵگایان پارچەپارچە کردووە و ئەگەری بزووتنەوەیەکی یەکگرتوویان نەهێشتووە. ڕا و بۆچوونەکان لە دژی دەسەڵات پەرت پەرتبوون بەسەر چەند کۆمەڵێکی جیاوازی ناڕازیدا کە حیزبە سیاسییەکان دەتوانن وردە وردە بیانڕەوێننەوە.

لە میانەی شەڕی ناوخۆی ناوەڕاستی ساڵی نەوەدەکان و دوابەدوای شەڕەکە، هەر یەک لە حیزبەکان ناوچەی جیاوازی کوردستانی عێراقیان کرد بە پێگەی سەرەکی خۆیان و ناوچەکانی کوردستانیان لە یەک دابڕی. ئەم ڕێبازە سنووری سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونیی لە نێو کوردستاندا کێشا. سەرەڕای پەرەسەندنی ئیدارەیەکی ناوەندیی یەکگرتوو لە هەولێر، تۆڕەکانی ئەمەکداریی حیزبی بەردەوامن و شێوەیەکی هاوشێوەی پێش شەڕی ناوخۆیان بە کۆمەڵگا داوە. لێپرسراوە ناوچەییەکانی حیزب (لە جیاتی لێپرسراوە یەکگرتووەکانی دام و دەستگاکانی حکومەتی کوردی) لایەنی نێوەندگرن کە لە ڕێگەیانەوە کۆمەڵگای کوردی دەستی بە خزمەتگوزاری و هەلی دامەزراندن و خوێندن و ئاسایش و ئەمان و فۆرمەکانی تری دەوڵەتداری دەگات. هاوکات حیزبەکان خۆیان کاریان لەسەر دابەشبوونی کۆمەڵگا کردووە تا چەواشەی هەستی دژە دەسەڵاتی گەلەکەن و بیکەن بە فشاری سیاسیی لەسەر سەرکردە حیزبییەکانی حیزبە نەیارەکانیان. لە دەربەندیخان، کە شارێکی قەبارە مامناوەندی سەر بە پارێزگای سلێمانییە، بۆ نموونە بزووتنەوەی گۆڕان لە ساڵی ٢٠١٥دا هانی خۆپیشاندانیدا بە مەبەستی کەمرکردنەوەی ڕۆڵی ئیدارەی یەکیەتی لە ناوچەکە. لە ناوچەی گەرمیان، کە تەنها کاتژمێرێک دوورە لەوێوە بە ئوتومبێل، یەکیەتی کاری لەسەر بەڕێوەچوونی خۆپیشاندان دژ بە ئیدارەی ناوچەیی گۆڕانکرد لە شاری کەلار.

بێجگە لە فۆرمی حیزبەکان و دەست تێوەردانەکانیان، مانەوەی شووناسی بەهێزی خزمایەتی (خێزانیبێت یاخود تیرەیی) پترتر کۆمەڵگای کوردستانیان پەرت پەرت کردووە. لەمەش زیاتر، بڵاوبوونەوەی زانکۆکان لە شار و شارۆچکە بچوک و مامناوەندەکاندا لە ساڵانی پێشوودا چاوەڕوانیی دایک و باوکەکانی چەقبەستووتر کردووە کە منداڵەکانیان لە نزیک ماڵەکانیان بمێننەوە، ئەمەش هەلی گەنجانی کەمکردووەتەوە کە تێکەڵی هاوبەشەکانیان ببن لە ناوچەکانی تری کوردستانی عێراق.

چاوپێکەوتنەکانمان لەگەڵ کوردانی دانیشتووی ناوچە شاری و گوندییەکان لە ناوچە بەهێزەکانی چەند حیزبێکی جیاواز دەریدەخات کە داواکاری و دەردەسەرییەکانییان زۆر هاوتای یەکن: هەلی کار، خزمەتگوزاری، بیستنی دەنگیان، هەلی بەدەر لە پەیوەندی حیزبی، و نەمانی گەندەڵی. بەڵام ئەوانەی چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کردن زۆربەیان نائاگابوون لەوەی هاوبەشەکانیان لە بەشەکانی تری کوردستانی عێراقەوە هەمان کێشە و گرفتیان هەیە. زۆرێک لەوانەی چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کردن پێیان وابوو کە هاوبەشەکانیان لە ناوچەکانی تری کوردستانەوە بار و دۆخیان لەمان باشترە. بۆ نموونە، ئاریان کە گەنجێکی تەمەن ٢١ ساڵانی دەربەندیخانە گازندەی ئەوەی دەکرد کە لە ٢٠١١دا خۆپیشاندانەکان لە شارەکەی پەیوەندییەکی کەمی بە ناوچەکانی دەوروبەریانەوە وەک گەرمیان هەبووە چونکە هەر ناوچەیە و "داواکاریی تایبەتی خۆی هەبووە." کاتێک لێمان پرسی کە ئەو جیاوازیانە چین لە نێوان داواکارییەکانی دانیشتوانی دەربەندیخان و دانیشتوانی شوێنەکانی تر و داوامان کرد بۆمان شیبکاتەوە، ئەو بەستیەوە بە سیاسەتەوە و وتی: "ئێمە گۆرانین، ئەوان (لە کەلار) یەکیەتین، و لە هەولێریش پارتین." [39]

هەستکردن بە نادادپەروەری بە تایبەت لە نێو کوردانی شار و شارۆچکە بچوکەکاندا زیاترە کە هەست بە دابڕان دەکەن لە ناوچە شارییە گەورەکانی کوردستان. ئاریان سووربوو لەسەر ئەوەی کوردەکانی سلێمانی، کە تەنها کاتژمێرێک دوورە بە ئۆتۆمبێل، "ژیانیان خۆشە". باران، کچێکی تەمەن ٢٦ ساڵان لە دەربەندیخان، گازندەی ژیانی ڕۆژانەی پڕ ڕۆتین و نەگۆڕی دەکرد لە دەربەندیخان و دەیوت: "خەڵک تەنها دەچن بۆ سەر کار و دێنەوە ماڵەوە، هەر ئەمەندە." ئەو ئەم شێوازە

---

[39] ئاریان، چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەرانی وتارەکە، شاری سلێمانی،٦ی ئاداری ٢٠١٧

ژیانەی بەراورد دەکرد بە سلێمانی، کە بە ڕای ئەو دانیشتوانەکانی چالاکی هەمە جۆرتریان هەیە لێی هەڵبژێرن و ئەنجامی بدەن ڕۆژانە.[40]

دەرئەنجامی ئەم شوو ناسە ناوچەییانە ئەوەیە، کە ئەگەرچی کێشە و دەردەسەرییەکانی کوردان لە سەرانسەری کوردستانی عێراق هاوشێوەن، هەڵوێست و کردارەکانیان لە نێو سنووری گوند و شارۆچکە و شارەکانی خۆیاندا دەمێننێتەوە. لە ساڵی ٢٠١١ وە، خۆپیشاندەران لە خۆپیشاندانە پەرت پەرتەکاندا دووچاری گرفتبوونەتەوە لە تێپەڕاندنی کێشە و گرفتە ناوچەییەکانیاندا کە تەنها ناوچە جیاوازە دراوسێکانی کردووە بە کڕ یەکدا. بە دووپاتکردنەوەی سنوورەکانی حیزبە سیاسییەکان کێشاویانن، ئەوانەی دژی دەسەڵاتن لە تواناکانی خۆیان دەدەن بۆ ەێنانەبەر هەمی ئاڵوگۆری سیاسی.

هەربۆیە، زۆرێک لە کوردەکان پەرت پەرتبوون و نایەکڕیزی خۆیان بە فاکتەری سەرەکیی ڕێگری "شۆرش" دەبینن دژ بە حیزبەکان. کامەران، کە کتێبفرۆشێکی تەمەن ٢٢ ساڵانە لە سلێمانی دەڵێت: "شۆرش دەبێت لە هەموو لایەکەوە بەرپابکرێت، بەڵام خەڵکی هەولێر و دهۆک دەترسن. لەوێ گەر خەڵک بەشداریی خۆپیشاندان بکەن، ڕۆژی دواتر ئیتر دیارنامێنن."[41] (بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندانەکان لە لایەن دەزگا ئەمنیەکانی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی پارتی زۆر بەزەبرن). کۆسرەت، کە گەنجێکی تەمەن ٢١ ساڵانە و دانیشتووی گوندێکی سنووری پارێزگای سلێمانییە، هەمان قسە دەکاتەوە و پێی وایە لەبەر ئەوەی دانیشتوانی هەولێر لە ترسی بەرپەرچدانەوەی پارتی خۆپیشاندان ناکەن، ئەو چاوەڕوانی ڕاپەڕینی سەرتاسەری لە کوردستان ناکات. هاوکاتیش، پێی وایە کە خۆپیشاندانە ناوچەییەکان ئەگەری سەرکەوتنیان نییە.[42]

ەێزە ڕیفۆرمخوازەکانی کوردستانی عێراق هاوکات شکستیان ەێناوە لە تێپەڕاندنی سنوورە نەتەوەییەکانیشدا لە عێراق. لە ڕابردوودا پەیوەندیی نێوان شیوعیە کورد و عەرەبەکاندا یارمەتیدەربوون بۆ بەرەوپێشچوون و دامەزراندنی حوکمداریی نوێ لە کوردستانی عێراق.[43] بەڵام ئێستا، خۆبەڕێوەبەریی

---

[40] باران، چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەرانی وتارەکە، شاری دەربەندیخان،٦ی ئاداری ٢٠١٧

[41] کامەران، چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەرانی وتارەکە، بازاڕی سلێمانی،٧ی ئاداری ٢٠١٧

[42] کۆسرەت، چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەرانی وتارەکە، ناوچە گوندنشینەکانی دەور و بەری شاری سلێمانی،٦ ی ئاداری ٢٠١٧

[43] لە ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەمدا، سەرهەڵدانی حیزبی شیوعیی عێراقی هەلێکی بەخشی بە نەوەی نوێ و ڕۆشنبیرانی سلێمانی کە سەکۆیەکیان هەبێت بۆ بەرەنگاریی شێخ و سەرۆک تیرە و ناسیۆنالیستەکانی

هەرێمیی دوای ٢٠٠٣ کوردەکانی عێراقی بە بەراورد بە پێشوو لە پەیوەندی لەگەڵ عێراقیەکانی تر دابڕیوە. سەرئەنجام، ئەجێندای حیزبێکی ڕیفۆرمخوازی وەک گۆڕان یاخود ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دابڕاون لە هێزە ڕیفۆرمخوازەکانی لە ناوچەکانی تری عێراقدا کار دەکەن. ئەمەش ڕیفۆرمخوازەکانی کوردستانی عێراق و نەوەی نوێ و کۆمەڵگای مەدەنی دابڕیوە لە بەدەستهێنانی هێز بۆ گەیشتن بە سەرکردایەتی و دیدگای سیاسیی نوێ.

**ئابووریی بەکاربەر**

فاکتەرێکی تر کە بووەتە هۆی گیرخواردنی گۆڕانکاریی سیاسی مانەوەی ئابووریی بەکاربەرە لە کوردستانی عێراق، ئابورییەک کە تەنها پەیوەستە بە سامانی سروشتیەوە. بە درێژایی بەرزی و نشوستە ئابووریەکان، ئابووریی بەکربەری هۆکارێکبووە بۆ پەیوەستیی کۆمەڵگای کوردی بە چینی فەرمانڕەواوە و هەر ئەمەش بووەتە هۆی ساردبوونەوەی کۆمەڵگا لە بەرەنگاریی دەسەڵات.

دوابەدوای هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا، دەوڵەمەندیی سامانی سروشتی لە کوردستانی عێراق هانی سەرکردەکانی هەرێمەکەیدا کە گەلەکەیان بکەن بە چەند تۆڕێکی ئەمەکدار بۆ خۆیان لە بەرانبەر بەرژەوەندی و پارەدا. کاتێکیش کە هەرێمەکە فۆرمی دیموکراسیی وەرکرد، ستراتیژی ئابووریی سەرەکیی هەرێمی کوردستان پەرەپێدانی پیشەسازیی سەرچاوەکانی نەوت و گازبوو. پارەی نەوت ڕێگای بە حیزبەکاندا کە کەرتی حکومی تووشی هەڵئاوسانبکات و زیاد لە ٧٠%ی هێزی کاری هەرێمەکە لە کەرتی حکومیدا دابمەزرێنێت.[44] بەڵام حیزبەکان هیچ کارێکیان لەسەر پێشخستن و ژیاننەوەی کەرتی کشتوکاڵی ناوچەکە نەکردووە، کە وەختایەکبوو پیشەسازییەکی سەرەکیی

نەوەی پێشخۆیان.

خوێندنەوەی زیاتر: Wadie Jwaideh, *The Kurdish National Movement: Its Origins and Development* (Syracuse, NY: Syracuse University Press, 2014), 271.

[44] خوێندنەوەی زیاتر: Mark DeWeaver, “Kurdistan’s Great Recession: From Boom to Bust in the Rentier Economy,” Institute of Regional and International Studies, American University of Iraq, Sulaimani, December 10,2015, http://auis.edu.krd/iris/sites/default/files/Kurdistan’s%20Great%20Recession_2.pdf.

ناوچەکەبوو. کەرتی کشتوکاڵی شکستی هێناوە بەهۆی چەندین دەیە لە جەنگ و ڕاگواستنی زۆرەملێ و کۆچکردن بۆ شارەکان و سیاسەتی سووتاندنی خاکە کشتووکاڵییەکان لە لایەن ڕژێمی پێشوو و هاوکاریی مرۆیی لە ڕێگای دابینکردنی خۆراکی هەرزان و هاوردەکراوەوە.[45]

ئێستا، سەوزە و میوەی هاوردەکراو (زۆرینەی لە تورکیا و ئێرانەوە) نزیکەی ٨٠ %ی سەوزە و میوەی بەکارهێنراوە لە زستاناندا پێکدێنێت.[46] بە ئابووریەکی ناهەمەچەشن و دام و دەستگای لاوازەوە، سەرکردەکانی دەسەڵات بە ئاسانی دەسەڵاتی بڕیاردانیان بەدەستەێناوە لەسەر شێوازی بەکاربردنی دەستکەوتەکانی سەرچاوەکانی وزە و بەشە بودجەی گشتیی عێراق کە لە لایەن بەغدادەوە بۆ هەرێم دەنێردرێت. بەم شێوەیە سەرکردە حیزبییەکان خاوەن بڕیارن لەسەر شێوازی سەرفکردنی بودجەی گشتی و هەڵبژاردنی ئەو کەسانەی لە کەرتی حکومیدا دادەمەزرێن.

سەرئەنجام، کۆمەڵگای کوردی تەنها لە ڕێی تۆڕە ئەمەکدار و سوودپێگەیشتووەکانی سەر بە سەرکردەکانەوە دەتوانن سوود لە دەستکەوتی نەوت ببینن. پشتبەستن بەم سیستەمە ئەمەکدارییە کۆمەڵگا پەکدەخات و ساردی دەکاتەوە لە هەڵوێست وەرگرتن دژی سەرکردەکان سەرەڕای نارەزایی بەربڵاو. هاوکات، ئەم سیستەمە چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگا سارد دەکاتەوە، کە زۆرینەی لە دام و دەستگا حکومیەکاندا دامەزراون و زۆرترین زیانیان پێدەگات گەر لە پەیوەندییە حیزبییەکان دابڕێن. بەم شێوەیە چارەنووسی چینی هەژار و کەمخوێندەوارەکان پەیوەستە بە دڵخۆشیی چینی ناوەڕاستەوە. ئەوانەی ساڵانێک پشتیان بە کشتوکاڵ بەستبوو، هەژارەکان ئێستا زۆرینەیان لە نزمترین پلەکانی کەرتی حکومیدا دامەزرێندراون یاخود لە کەرتە نافەرمییەکاندا وەک کرێکار کاردەکەن.

---

[45] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر چۆنیەتی کاریگەریی هاوکاریی دەرەکی لەسەر ناوچەکە: Denise Natali, *The Kurdish Quasi-State: Development and Dependency in Post-Gulf War Iraq* (Syracuse, NY: Syracuse University Press, 2010).

[46] خوێندنەوەی زیاتر: The Kurdistan Region of Iraq: Reforming the Economy for Shared Prosperity and Protecting the Vulnerable: Executive Summary," World Bank, June 2, 2016, http://documents.worldbank.org/curated/en/672671468196766598/text/106132-v2-main-report-P159972-PUBLIC-KRG-Economic-Reform-Roadmap-post-Decision-Review-05-30-16.txt.

پتر لە پەیوەندیی نێوان چینەکان، ئەمەکداریی حیزبی هاوکات وایکردووە زۆرێک لە گەنجانی کورد پشت بە دایک و باوکیان ببەستن کە زۆرکات پەیوەندیی درێژخایەنتریان لەگەڵ حیزبە سیاسییەکاندا هەیە. هاوشێوەی ئەمەش، پەیوەندییە پیاوسالارییەکانی بەهێزترکردووە و ژنانی پشتبەستووتر بە پیاوانی کەس و کاریان کردووە کە زۆر جار پەیوەندیی ڕاستەوخۆتریان بە حیزبەکانەوە هەیە.

بەم شێوەیە پەیوەندییەکی دژ یەک لەگەڵ نوخبەی سیاسیدا بوونی هەیە. زۆرێک لە کوردەکان سەرکۆنەی چینی بەرپرسەکان دەکەن و بە داگیرکراریی سامان خەتاباریان دەکەن بەڵام لە هەمانکاتدا داوای سوودی دارایی زیاتر لەوانەوە بۆ خۆیان دەکەن. ئەوان دامەزراوە حکومییەکان بە نەنگۆر و ناکارا لە دابینکردنی موچە و خزمەتگوزاری دادەنێن ، بەڵام بەردەوامن لەوەی دام و دەستگاکانی دەسەڵات بە تەنها ڕێگا بۆ دەستکەوتنی سوودی دارایی ببینن.

قەیرانە داراییەکەی ٢٠١٤ دەکرا هەلێکبێت بۆ خستەگەڕی چینی ناوەڕاست و گەنجانی کۆمەڵگا تا واز لە پشتبەستووییان بە تۆڕە حیزبییەکان بهێنن. هەرچەندە ئاماری مانگانەی باوەڕپێکراو لەسەر داهاتی ساڵانە و دامەزراندن و بەرهەمهێنانی پیشەسازی بەردەستتین، بەڵام ڕاپۆرتێکی ساڵی ٢٠١٥ لە لایەن مارک دیویڤەر لە زانکۆی ئەمریکی عێراق سلێمانی ئەوە دەخاتە ڕوو کە قەیرانەکە: "گەورەبوو، بە هەر پێناسەیەکی قەیرانی گەورەبێت."[47] بە پێی ئامارە حکومیە ناوخۆییەکان، ڕێژەی هەژاری لە ٣% وە لە ساڵی ٢٠١٣ دا بۆ ١٢% لە ساڵی ٢٠١٥دا بەرزبووەتەوە.[48] شێوازی مامەڵەکردنی حکومەتی هەرێم لەگەڵ قەیرانەکەدا لە ڕێگای داواکردنی قەرز لە چەند لایەنێکی جیاوازەوەبوو کە بووە هۆی خولقاندنی قەیرانێکی قەرزی مەترسیدار. ڕاپۆرتێکی ساڵی ٢٠١٨ ی پەیمانگای ئاشتیی

---

[47] خوێندنەوەی زیاتر: Mark DeWeaver, "Kurdistan's Great Recession: From Boom to Bust in the Rentier Economy," Institute of Regional and International Studies, American University of Iraq, Sulaimani, December 10,2015, http://auis.edu.krd/iris/sites/default/files/Kurdistan's%20Great%20Recession_2.pdf.

[48] هاتنە ناوەوەی ئاوارەکانی بەشەکانی تری عێراق بۆناو کوردستان لە ٢٠١٤دا بە هۆی جەنگ دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی هاوکات هۆکارێکبوو بۆ ئەم گۆڕانکارییە گەورەیە: Mark DeWeaver, "Kurdistan's Great Recession: From Boom to Bust in the Rentier Economy," Institute of Regional and International Studies, American University of Iraq, Sulaimani, December 10, 2015, http://auis.edu.krd/iris/sites/default/files/Kurdistan's%20Great%20Recession_2.pdf.

نەتەوە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هۆشداریدەدات کە هەرێمی کوردستان قەرزدارە بە بڕی زیاتر لە ١٠٠%ی داهاتی ساڵانەی خۆی.[49]

دەستپێکی قەیرانە داراییەکەی ٢٠١٤ حکومەتی هەرێمی خستە دۆخێکەوە کە نەیدەتوانی پارەی موچەی کەرتی هەڵئاوساوی حکومی بە بڕی تەواو و لە کاتی خۆیدا بدات. بار و دۆخەکە بۆ چەندین ساڵ بەردەوامی هەبوو کە بووە هۆی ناڕەزایی ڕای گشتی و خۆپیشاندانی بچوک و ناوچەیی بەردەوام.[50] لە سەرەتای ٢٠١٦دا، هەندێک فەرمانبەری حکومەت مووچەکانیان بە ڕێژەی ٤٠% دابەزیبوو و بەردەوامیش لە کاتی پێدانی مووچەکانیان دوادەکەوت. قەیرانەکە وای لە بانکەکان کرد بڕە پارەی پێویستیان نەبێت بۆ بەکارەێنەکانیانەکانیان تا پارە ڕابکێشن. لەگەڵ زیادبوونی قەرزەکانی کەرتی کۆمپانیاکانی تەلارسازی و نەوت لای حکومەت، کەرتی تایبەتیش لەگەڵ کەرتی گشتیدا زیانی بەرکەوت.[51]

---

[49] خوێندنەوەی زیاتر: Andrew Snow, “Kurdistan Region’s Debt Crisis Threatens Iraq’s Economy,” United States Institute of Peace, May 10, 2018, https://www.usip.org/publications/2018/05/kurdistan-regions-debt-crisis-threatens-iraqs-economy.

[50] بە پێی وتەی حکومەتی هەرێم، حکومەت پێویستی بە ٧٧٢ ملیۆن دۆلارە بۆ پێدانی مووچەی ١.٤ ملیۆن فەرمانبەری حکومی. بە پێی ئامارەکانی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم، لە ٢٠١٥دا بایی موچەی چوار مانگی فەرمانبەران موچە بڕدراوە. لە ٢٠١٦ و ٢٠١٧دا حکومەتی هەرێم دەستی بە دەست پێوەگرتن (تەقەشوف)کرد کە بایی مانگێک بۆ دوو مانگ موچەی نەدا و موچەی مانگەکانیش کە دران بە ڕێژەی ٣٠% بۆ ٧٠% کەمکرانەوە. وەزیری دارایی و ئابووری لە حکومەتی هەرێم، ڕێباز محەمەد حەملان، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ نووسەرانی وتارەکە، هەولێر، ١١ی حوزەیرانی ٢٠١٨.
لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٧دا حکومەتی هەرێم موچەی فەرمانبەرانی بە ٣٣% زیاتر دابەزاند کاتێک بە هۆی لەدەستدانی کەرکوکەوە دەستکەوتی حکومەتی هەرێم بە ڕێژەی ٤٠% دابەزی لە ٥٦٥.٥ ملیۆن دۆلارەوە بۆ ٣٣٧.٤ ملیۆن دۆلار. خوێندنەوەی زیاتر: “KRG to Make More Salary Cuts after Losing Kirkuk Oil,” *Rudaw*, December 12, 2017, http://www.rudaw.net/english/kurdistan/121220176.
لە مانگی نیسانی ٢٠١٨دا حکومەتی هەرێم توانی پارەی فەرمانبەرە حکومییەکان لە کاتی خۆیدا بدات بۆ یەکەمین جار لە چوارساڵدا. ئەوانەی مووچەکانیان کەمبوو، کەمتر لە ٣٣٦ دۆلار مانگانە، چیدی مووچەکانیان کەم نەدەکرانەوە، بەڵام ئەوانەی مووچەکانیان زیاتربوو (نێوان ٧٠٠-٨٠٠ دۆلار) مووچەکانیان بەردەوامبوو لە کەمکردنەوە. “KRG Abolishes Salary-Cuts for Low-Earners, to End It for All Soon,” *Rudaw*, March, 28, 2018, http://www.rudaw.net/english/kurdistan/280320181_.

[51] خوێندنەوەی زیاتر: Mark DeWeaver, “Kurdistan’s Great Recession: From Boom to Bust in the Rentier Economy,” Institute of Regional and International Studies, American University of Iraq, Sulaimani, December 10, 2015, http://auis.edu.krd/iris/sites/default/files/Kurdistan’s%20Great%20Recession_2.pdf.

لە جیاتی کەمبوونەوەی هەژمووی حیزبە سیاسییەکان، قەیرانی دارایی پشتبەستوویی کۆمەڵگای کوردیی زیادکرد بە تۆڕە حیزبییەکان و پەیوەندییە دەسەڵاتدارییەکانی نێو بە چین و نەوە و ڕەگەزە جیاوازەکان کە لە سەرەوە خراونەتە ڕوو. قەیرانەکە زیانی تەنها بە کەرتی حکومی نەگەیاند، بەڵکو کەرتی تایبەت و نافەرمیشی کەمکردەوە؛ بەهۆی ئەمەشەوە خەڵکی هەموو چینە جیاوازەکان جێگرەوەی کەمتریان بۆ مایەوە بۆ کارکردن لە نێو تۆڕە حیزبیەکاندا.[52] قەیرانەکە کۆمەڵگای زیاتر پەرت پەرتکرد، دوای ئەوەی ململانێ لە پێناوە بەدەستهێنانی ئەو دەستکەوتانەی مابوونەوە زیادی کرد.

کورتهێنانی لە ناکاوی سەرچاوەکان لەم ئابووریە بەکاربەرەدا هاوکات فەزای خۆپیشاندانیشی گۆڕی. جیاواز لە خۆپیشاندانەکانی ٢٠١١، خۆپیشاندانەکانی ٢٠١٤ هێورتر و تەواو سنووردار و بۆ پێداویستی هەنووکەییبوون. (بەڵام هەروەک ساڵی ٢٠١١، خۆپیشاندانەکان زۆربەی لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی یەکێتی و گۆڕاندابوون، چونکە هاوڵاتیانی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی پارتی لە ترسی کاردانەوەی توندی پارتی لە خۆپیشاندان دەترسان.) سەرکردە حیزبییەکان فێری مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم جۆرە خۆپیشاندانانە و هێورکردنەوەیان بوون بە تێکەڵەیەک لە سەرکووتکاری و چارەسەری کورتەمودای خێرا لە موچە و خزمەتگوزاری و وردە وردە کارکردن لەسەر داواکارییەکان. ئەم ستراتیژە لە مامەڵەکردن لەگەڵ خۆپیشاندانەکان کۆتایی بە خۆپیشاندانەکان نەهێناوە و کێشە و دەردەسەرییەکانی خۆپیشاندەرانی نەڕەواندۆتەوە، بەڵام ڕێگربووە لەوەی ببنە بزووتنەوەیەکی یەکگرتوو کە بەرەنگاری دەسەڵاتی دامەزراوەیی ببنەوە.

"کێشەکە ئەوەیە ئێستا و لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەم قەیرانە داراییەدا هەموو جارێک کە مامۆستایان خۆپیشاندان دەکەن، تەنها بۆ یەک ڕۆژ دەچن. دوایی، هەر کاتێک مووچەکانیان پێدرا دەچنەوە ماڵەوە. ئەوان بە ڕۆژ و شەو خۆپیشاندان ناکەن بۆ

---

[52] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کاریگەرییە "کارەساتبارەکان"ی قەیرانی دارایی لەسەر کەرتی تایبەت: Mark DeWeaver, "Kurdistan's Great Recession: From Boom to Bust in the Rentier Economy," Institute of Regional and International Studies, American University of Iraq, Sulaimani, December 10, 2015, http://auis.edu.krd/iris/sites/default/files/Kurdistan's%20Great%20Recession_2.pdf.

داواکردنی مافەکانیان. خۆپیشاندانەکان دوای چەند ڕۆژێک شکستدێنن کاتێک خەڵکی مووچەکانیان پێ دەدرێت و ئیدی دەچنەوە ماڵێ."[53]

ئەمە وتەی ڕێنوارە، کە ڕۆژنامەنووسێکی تەمەن ٢٥ ساڵانە لە سلێمانی، ئەو لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: "لە ٢٠١١دا ئێمە داوای مافی مرۆ و ڕیفۆرمی سیاسییمان دەکرد، کە ڕیفۆرمی نێو کەرتی نەوتیشی لەخۆدەگرت. بەڵام ئێستا خۆپیشاندانەکان هەموو بۆ مووچەن. لە سێ ساڵی پێشوودا، بیری تەنها یەک خۆپیشاندانیشم نایەت کە بۆ نەبوونی کارەبا کرابێت. خۆپیشاندانەکان بە تەواوی بچووکبوونەتەوە لە داواکردنی مووچەدا. گەنجان تەواو بێ هەڵوێستبوون و حکومەتی هەرێم هیچ ترسێکی لێیان نییە."[54]

لە کۆتاییەکانی ٢٠١٧ و سەرەتاکانی ٢٠١٨دا ڕاگەیاندنی سەرکەوتن بەسەر دەوڵەتی ئیسلامی و بەرزبوونەوەی نرخەکانی نەوت و پێدانی وردە وردەی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە لایەن بەغدادەوە قەیرانی ئابووریيان ڕەواندەوە و هەستی نوێبوونەوەی سەقامگیری سیاسی و ئابووریيان گێڕایەوە. هەرچەندە بە شێوەیەکی وێژەیی، کە بیری لێدەکەیتەوە ئەم باشبوونی بار و دۆخە دەبێت پشتبەستنی گەنج و چینی ناوەڕاست بە تۆڕە حیزبییەکان کەمبکاتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ڕەنگە قەناعەتێک درووستبکات کە ئابووریەک کە لەسەر داهاتی نەوت بەندە دەکرێت تا ئەبەد بەردەوامبێت، و ئەم چوار ساڵە لە قەیران تەنها ناوبڕێکبووە. گەنجان و چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگا ڕەنگە لەم قەیرانە بێنە دەرەوە پشتبەستووتر لە پێشتر تۆڕەکانی ئەمەکداریی حیزبی.

**بەربەستی دام و دەستگایی**

دروستبوونی گۆڕانی سیاسی بەرەو سیستەمێکی حوکمداریی نوێ تەنها کاتێک دەبێتە ئەگەر کە لایەنە ڕیفۆرمخوازەکان و لایەنگرەکانیان ڕێگایەک بدۆزنەوە بۆ بەشداریی سیاسی. بەڵام دام و دەستگاکانی کوردستانی عێراق داخراون بە ڕووی لایەن و هێزە نوێکاندا.

---

[53] هەنار، چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەرانی وتارەکە، هەولێر، ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٨

[54] ڕێنوار، چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەرانی وتارەکە، شاری سلێمانی، ١٢ی حوزەیرانی ٢٠١٨

حیزبە سیاسییەکان نموونەیەکی بەرجەستەن؛ حیزبە کوردیەکانی کاتی خۆی ڕێکخراوگەلێکبوون کە تیایاندا تاکەکان پلە بە پلە بەرزدەبوونەوە و دەگەیشتنە پلەی سەرکردەی ناسیۆنالیستی. بەڵام لەمڕۆدا، حیزبەکان پێکهاتوون لە چەند کەسایەتییەکی سیاسیی بەساڵاچوو کە نایانەوێت کەسی تریان بۆ زیادببێت و ئەوپەڕی هەوڵ دەدەن بۆ هێشتنەوەی بار و دۆخی ئێستا. هەڵبژاردنی ئەندامی نوێ و گەنجیش بۆ پلەی سەرکردایەتیی نێو حیزبەکان هیچ ململانێیەکی دەسەڵاتی دژ پێگە و دەسەڵاتداریی ئەوان درووست نەکردووە. بۆ نموونە، لە هەڵبژاردنی عێراقی مانگی ئایاری ٢٠١٨دا و دواتر لە هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستانی تشرینی یەکەمی ٢٠١٨دا پارتی چەندین دەمووچاوی نوێ و گەنجی خستە نێو لیستی کاندیدەکانییەوە. بەڵام ئەم کەسایەتییە گەنجانە یان کۆپییەکی کاربۆنیی کەسایەتییە دێرینەکانی نێو حیزببوون یاخود بێ پاڵپشتیی ئەوان توانای بڕیار و هەڵوێستی سەربەخۆیان نەبووە. پرۆفایلی کادرێکی گەنجی پارتی نموونەیەکی بەرجەستەیە: وەک کوڕی ئەندامێکی پلە مامناوەندی نێو پارتی، ئەو تایبەتمەندێتییەکی جیاوازی لە لایەن حیزبەوە پێشکەشکراوە. ئەو پڕ بە دڵ پاڵپشتیی ئەجێندا سیاسییەکەی مەسعود بارزانی دەکات و ئەندامێتیی لە پارتیدا وەک ڕێگایەک تەماشادەکان بۆ هێنانەدیی خەونە تایبەتەکانی خۆی کە لە بوون بە ئەندام پەرلەمان و دواتر بوون بە بەرپرسێکی باڵای حکومەتدا خۆی دەبینێتەوە.[55] ئەمەکداریی ئەو بۆ سیستەمە حوکمدارییە کۆنەکە – یاخود بە لایەنی کەمەوە پشتبەستنی ئەو بەو سیستەمە – بە تایبەتیی بووەتە هۆکاری ئەوەی ڕێگای پێبدرێت بەشداریی لە سیاسەتدا بکات لە ڕێگای شیرازەی حیزبەوە.

پێشمەرگە، کە ساڵەهای ساڵ شاڕێیەکی سەرەکیبوو بۆ بەشداریکردنی گەنجانی کورد لە خەباتی نەتەوەییدا، ئەمڕۆ بووەتە کەرەستەیەک بۆ هێشتنەوەی بار و دۆخی ئێستا وەک خۆی. زۆرێک لە سەرکردە سیاسییەکانی ئەمڕۆ پلە (ڕوتبە) ناسیۆنالیستییەکانیان کاتێک بەدەستهێناوە کە فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگەبوون. لە ڕاستیدا، لە نیوە سەدەی پێش ڕوخانی سەدام حسێندا لە ساڵی ٢٠٠٣دا هێزەکانی پێشمەرگە چوارچێوەی سەرەکیی سەرهەڵدانی گەنجانی کوردبوو لە خەباتی ناسیۆنالیستیدا و لەو ڕێیەوە سەرکردەکان پێدەگەیشتن. وەلێ لە ئێستادا، پێشمەرگە ڕۆڵی مێژوویی خۆی لەدەستداوە. هەرچەندە دوابەدوای ساڵی ١٩٩١ هێزی پێشمەرگە لە هێزێکی گەریلایی بنیاتنراو لەسەر حیزبەوە گۆڕدرا بۆ سوپایەکی ڕێکخراوەیی و پرۆفێشناڵ، بەڵام دەستگاکە

[55] چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەران، بازاڕی هەولێر، ١١ی حوزەیرانی ٢٠١٨

هێشتا بارمتەی دەستی سەرکردە حیزبییەکانە. سەرکردە حیزبییەکان کەسە ئەمەکدارەکانی خۆیانیان لە پلە گرنگەکانی هێزەکانی پێشمەرگەدا داناوە و خۆشیان کردووەتە فەرماندەی زنجیرە فرمانییە لێکدابڕاوەکانی نێو هێزەکە. سەرئەنجام، ئەو یەکانەی کە لەژێر کۆنترۆڵی وەزارەتی کار و باری پێشمەرگەدان بێ هێزکراون بە بەراورد بەو یەکانەی لە ژێر کۆنترۆڵی سەرکردە حیزبییە تایبەتەکاندان. هەوڵەکان بۆ بە ڕێکخراوەییتر کردنی هێزی پێشمەرگە و ڕێگادان بە ئەفسەرە گەنجەکانی لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە مەشقیان پێکراوە کە پۆستی سیادی بگرنە دەست پەک خراون و بەربەستیان بۆ دروستکراوە.

جەنگی دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی کە هاوکاریی سەربازیی بەرچاوی بە کوردستانی عێراق گەیاند، سەرەتا وەک هەلێک دەرکەوت بۆ ژیانەوەی هێزی پێشمەرگە و بەکارهێنانیی وەک ئامرازێک بۆ یەکڕیزی و بەشداریی نەتەوەیی. بەڵام لە جیاتی ئەمە، جەنگەکە ململانێی نێوان نەوە جیاوازەکانی لە نێو هێزەکانی پێشمەرگەدا خولقاند. سەرکردەکان زنجیرەی فرمانەکانیان تایبەتمەندتر کرد بە دابەشکردنی پێشمەرگە بۆ یەکەی بچوکتر لە پێشتر کە هەر یەکەیەی لە لایەن کەسایەتیی حیزبی جیاوازەوە فرمانی پێ دەکرا. ئەمە ئەفسەرە گەنجترەکانی بێهێزکرد کە دەیانویست هێزی پێشمەرگە جودابێتەوە لە حیزبەکان. چیرۆکی ئەفسەرێکی پێشمەرگە کە دوای ٢٠٠٣ لە قەڵاچوالان، لە باکووری سلێمانی، مەشقی پێکرابوو ئەم خاڵە نیشاندەدات. ئەو لە سەرەتای جەنگی دژ بە دەوڵەتی ئیسلامییەوە پلەی بەرزکرابووەوە بۆ پلەی عەمید و لە یەکێک لە نوقتە سەربازییە زۆر هەستیارەکان، ناوچە کێشە لەسەرەکانی توز خورماتوو لە پارێزگای سەڵاحەدین، جێگیرکرابوو. بەڵام لە ٢٠١٥دا، ئەو و چەند بەرپرسێکی سەربازیی هاوپلەی خۆی لەپڕ جێگۆرکێیان پێکرا و کەسایەتییەکی ناسراوی یەکیەتی خرایە جێگەیان. عەمیدە پێشمەرگە گەنجەکە گوازرایەوە بۆ وەزارەتی کار و باری پێشمەرگە لە هەولێر و دوور لە بەرەکانی جەنگ ڕۆڵێکی بیورۆکراتیی پێدرا.[56]

دوابەدوای قەیرانە ئابوورییەکەی ساڵی ٢٠١٤، هێزەکانی پێشمەرگە بە ناونووسکردنی زۆرێک لە گەنجە هەژارەکان کە سەرچاوەی داهاتییان لەدەستدابوو پارمەتیدەربوون بۆ ڕەگداکوتینی زیاتری سەرکردەکان. ناونووسکردنی ئەو گەنجانە و

---

[56] چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەرانی وتارەکە، سلێمانی، ١٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤. ناوی ئەفسەرەکە پارێزراوە بۆ پاراستنی شووناسی.

بوونیان بە پێشمەرگە ڕاستەوخۆ نزیکی دەخستنەوە لە دام و دەستگا حیزبییەکان، بەم شێوەیەش کەمتر ئازاد دەبوون تا خۆپیشاندان یاخود فۆرمی تری ناڕەزایی دژ بە سەرکردەکان ئەنجامبدەن و کێشەیان بۆ درووستبکەن. زۆرێک لەو گەنجانە مەترسیدارترین ئەرکەکانیان پێ دەسپێردرا لە جەنگی دژ بە دەوڵەتی ئیسلامیدا. ئەگەر برینداریش ببوونایە، ئەوا خۆیان و خێزانەکانیان زیاتر لە جاران پشتبەستوو دەبوون بە تۆڕە حیزبییەکان تا دەستیان بە خزمەتگوزاریی پێویستی تەندروستی بگات.

جەنگی دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی کەواتە بووە هۆی بەدەستهێنانەوەی دەسەڵات لە لایەن ئەو نەوەیەی فەرماندەی پێشمەرگە کە لە ڕابردوودا خەباتیان کردووە و پەیوەستن بە دام و دەستگا حیزبییەکانەوە. هەر وەک بارەگا حیزبییەکان، تەنها ئەو پێشمەرگانە هەلیان پێدەدرا لە شەڕی دژ بە دەوڵەتی ئیسلامیدا کە یان ڕەزامەندبوون بە سیستەمی حوکمداریی کۆن یاخود پەیوەندیی خێزانیی بەهێز دەیبەستنەوە بە سیستەمی حوکمدارییەوە.

لە کوردستانێکی عێراقی دیموکراتدا، پەرلەمان دەبێت میکانیزمی سەرەکیبێت کە لە ڕێگایەوە سەرکردە نوێکان بچنە نێو سیاستەوە. بەڵام پێچەوانەی ئەمە، پەرلەمان شکستی هێناوە لە هێنانەبەرهەمی چاودێریی دیموکراتی بەسەر سەرکردە حیزبییەکانەوە. هاوکات نەشیتوانیوە ڕێگایەکبێت بۆ سەرهەڵدانی سەرکردەی نوێ کە پەیوەندییان بە ڕابردووەوە نەبێت.

هەر کاتێک هێز و لایەنی نوێ دزەیان کردبێتە نێو دام و دەستگاکانی کوردستانی عێراقەوە، کاردانەوەی سەرکردەکانی دەسەڵات لەکارخستنی ئەو دام و دەستگایانەبووە. لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی ٢٠٠٩ی هەرێمی کوردستاندا بۆ نموونە، بزووتنەوەی گۆڕان لە یەکیەتی زیاتر دەنگی هێنا لە سلێمانی و دواتر هەندێک وەزارەتی پێدرا، لەوانە وەزارەتی کار و باری پێشمەرگە. بەڵام ئەم سەرکەوتنە لە هەڵبژاردندا نەبووە میکانیزمێکی بۆ نوێکردنەوەی سیستەمی سیاسی. لە جیاتیی ئەمە، ئاکامەکەی بە پەکخستنی دام و دەستگاکان و ناکۆکی لەسەر تەواوبوونی وادەی سەرۆکایەتیی بارزانی کە بووە هۆی داخستنی پەرلەمان بۆ ماوەی دوو ساڵ، لە کۆتاییەکانی ٢٠١٥ بۆ کۆتاییەکانی ٢٠١٧، کۆتاییهات. نموونەیەکی دیاریی چۆنیەتی ڕاگرتنی کارایی دام و دەستگا دیموکراتییەکان لە ساڵی ٢٠١٥دا بوو کاتێک پارتی ڕێگریکرد لە سەرۆکی پەرلەمان، کە ئەندامی بزووتنەوەی

گۆڕانبوو، کە بچێتە ناو هەولێرەوە کە بینای پەرلەمانی لێیە.[57] ئەم ڕووداوە دابەشکردنی کوردستانی عێراقی بۆ دوو ئیدارە لە ساڵانی نەوەتەکاندا هێنایەوەیاد.

هەڵبژاردن دەبێت ئامانجی سەرهەڵدانی دەم و چاوی نوێ بێت لە مەیدانی سیاسیدا، بەڵام بووەتە کەرەستەیەکی خۆ هێشتنەوە لە دەسەڵاتدا لە لایەن سەرکردە فەرمانڕەواکاندا. لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقی ئایاری ۲۰۱۸دا یەکێتی و پارتی ڕووبەڕووی ناڕەزایی کەڵەکەبوو بوونەوە لەسەر گەندەڵی و خراپیی حوکمداری. پارتی بە تایبەتی لە ژێر فشاردابوو بەهۆی ئەوەی هەڵبژاردن کەوتبووە کاتی کاردانەوە خراپەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کە بارزانی ڕابەرایەتی کردبوو. بۆ هێشتنەوەی هەژموونی خۆی، پارتی پەنای بردەوە بۆ پێکهاتەی تیرەکان لە ناوچەکانی خۆی. بۆ نموونە، لە دهۆک لە جیاتی هەڵبژاردنی ئەندامی حیزبیی خۆیان وەک کاندید، پارتی بڕیارێکی پراگماتیکی دا کە لە پێشەنگی لیستی کاندیدەکانیدا سەرۆک تیرەیەکی خێڵی مزووری دابنێت. ئەمە دڵنیایی دایە پارتی کە سەرەڕای ناڕەزایی کەڵەکەبووی ئەندامانی خێڵەکەی، کە گەورەترین خێڵی دهۆکن، دەنگ بە کاندیدەکەیان دەدەن. ستراتیژەکەی پارتی لە کۆتاییدا ستراتیژێکی براوەبوو و پارتی توانی دە کورسی لە پارێزگای دهۆک بەدەست بهێنێت، کە بەراورد بە هەشت کورسیی هەڵبژاردنی پێشوو، دەنگەکانیان زیادی کردبوو.

لە میانەی ئەم هەڵبژاردنەدا، سەرکردایەتی هەروەها پەنای بۆ تێکدانی ڕاستەوخۆی پڕۆسەی سیاسی برد، بێ دەربەست لەوەی لەسەر حسابی شکاندنی متمانەی دەنگدەرانی کوردبوو. سەرەڕای ئاستی لاوازیان لە ڕووی حوکمدارییەوە و ڕێژەیەکی بەرز لە تووڕەیی ڕای گشتی لە سەرکردەکانیان لە چەند ساڵی پێشوودا، یەکێتی هەژدە کورسی بەدەستهێنا (تەنها چوار کورسییان لەدەستدابوو بە بەراورد بە ۲۰۱٤). لە کەرکوک توانی هەتاوەکوو لە ناوچە ناکوردنشینەکانیشدا بیباتەوە، لە کاتێکدا پێشتر نەیتوانیبوو دەنگیشیان لێ بهێنێت.[58] ئاستی هەردوو حیزبی سیاسیی

---

[57] خوێندنەوەی زیاتر: Isabel Coles, “Political Crisis Escalates in Iraq’s Kurdistan Region,” Reuters, October 12, 2015, https://www.reuters.com/article/us-iraq-kurds/political-crisis-escalates-in-iraqs-kurdistan-region-idUSKCN0S60HX20151012.

[58] خوێندنەوەی زیاتر: “The Contested Iraqi Parliamentary Elections in Kirkuk,” *International* Crisis Group, May

زۆر بە ئەستەم شیدەکرێتەوە بێ ئەنجامدانی ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکاندا. بەڵام چونکە ئەگەری دووبارە ژماردنەوەیەکی باوەڕپێکراوی دەنگەکان لە ئارادا نییە، ئەم ساختەکارییە تەنها دەکرێت بێ متمانەیی خەڵک بە پڕۆسەی سیاسیی زیادبکات و ساردیانبکاتەوە لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا.

## کاڵبوونەوەی کوردایەتی

تا سەرکردایەتیی کوردی زیاتر کوردایەتی بە بەرژەوەندی ەیشتنەوەی خۆی لە دەسەڵاتدا بەکاربەێنێت کۆمەڵگای کوردی زیاتر لە کوردایەتی دەتۆرێنێت. گەنجان بە تایبەتی کوردایەتی بە دەسەڵاتی سیاسیەوە دەبەستنەوە، وەک ئاریانی تەمەن ٢٠ ساڵانی دانیشتووی دەربەندیخان دەڵێت: "نیشتمانی کوردستان هیچ مانایەکی نییە لای من. ئەم وڵاتە بۆ هاوڵاتییانی ئاسایی نیە، بەڵکو بۆ سەرکردەکان و کوڕەکانیانە."[59] حەسەنی دووکانداری تەمەن ١٦ ساڵیش لە هەولێر قسەکانی ئەوی دووبارە دەکردەوە و دەیوت: "ئەگەر یەک خولەکی ژیانت کوردایەتی بکەیت، ئەوا ئەو خولەکەی ژیانت بە فیڕۆ ڕۆیشتووە."[60] گەنجێکی تریش لە شارۆچکەیەکی قەبارە مامناوەندی پارێزگای دەۆکەوە دەیگوت: "کوردایەتی یەکسانە بە حیزبایەتی." لەگەڵ ئەم ووتەیەدا کۆمەڵە هاوڕێ زۆرەکەشی هاتنە دەنگ و دووپاتی قسەکانیان کردەوە.[61] کاتێک لە شاکۆ، گەنجە تەمەن ١٥ ساڵە کاسبکارەکەی بازاڕی سلێمانی مان پرسی شووناسی کوردی لای ئەو مانای چییە خێرا وتی: "نیشتمانی کوردستان هیچ مانایەکی لای من نییە. من پێم وانییە ئاڵای کوردی و پێشمەرگە سومبولی هیچ شتێکبن. بە ڕای من هەموو کەسێک بیر لە گیرفانی خۆی دەکاتەوە نەک هیچ ئامانجێک." [62]

---

2018, https://www.crisisgroup.org/middle-east-north-africa/gulf-and-arabian-peninsula/iraq/crisis-group-statement-contested-iraqi-parliamentary-elections-kirkuk.

[59] ئاریان، چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەرانی وتارەکە، شاری سلێمانی،٦ی ئاداری ٢٠١٧

[60] حەسەن، چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەری وتارەکە، بازاڕی سلێمانی،١١ی حوزەیرانی ٢٠١٧

[61] چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەرەکان، ئاکرێ، ١٥ی حوزەیرانی ٢٠١٨

[62] شاکۆ، ، چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەرانی وتارەکە، بازاڕی سلێمانی،٧ی ئاداری ٢٠١٧

خوودی کوردایەتی خۆیشی بووەتە خاڵێکی ناکۆکی. زۆرێک لە کوردان هێشتا هۆگری سومبولەکانی ناسیۆنالیزمی کوردین، گەرچی ناڕازی و بێ هیواشبن لەوەی ئەو سومبولانە ئێستا بوونەتە چی. بۆ نموونە، هەنار، کچە خوێندەوارەکەی لە بیستەکانی تەمەنیدایە لە هەولێر، باسی لە هۆگریی بۆ وێنا و فۆرمە دێرینەکەی پێشمەرگە دەکرد:

"من شانازی بە پێشمەرگەوە دەکەم، بەڵام کاتێک کە هاشتاگی پێشمەرگەش بەکاردێنم لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر لە خۆم دەپرسم، کام یەکەی پێشمەرگە؟ سیاسییەکان هەوڵ دەدەن ئەو وێنا جوانەی پێشمەرگەی ساڵی ١٩٩١ لە مێشکماندا تێکبدەن. دوابەدوای ساڵی ١٩٩٤ پێشمەرگە زۆر بەسیاسیکرا و دوای ساڵی ٢٠١٥ خەڵکی تێگەیشت کە ئەمە چیدی پێشمەرگە پاکەکەی ١٩٩١ نییە."[63]

هەندێکی تر هێشتا ڕەخنەگرترن: ئەمیر، کاڵەفرۆشەکەی پێشتر باسمان کرد، دەیوت کە پێشمەرگە کاتی خۆی بە دڵسۆزی دەجەنگان بەڵام ئێستا چیدی وانین. کاتێک لێمان پرسی بۆچی وەک زۆرێک لە گەنجانی نەوەی باوکی پەیوەندی بە پێشمەرگەوە ناکات وتی: "هێزی پێشمەرگە بووەتە سیستەمێک پڕ لە دز."[64] زۆرێکی تر لە کوردان هاوڕان لەگەڵ ئەمیردا و جەخت لە پەیوەندیی نێوان هێزی پێشمەرگە و دەسەڵاتی سیاسیی گەندەڵ دەکەنەوە. کاتێک لە کامەرانی کتێبفرۆشمان پرسی بۆچی نەبووە بە پێشمەرگە وتی: "ئێمە بۆچی بجەنگین لە پێناو ئەم چینە سیاسییەدا؟"[65]

بەربڵاویی تۆڕە ئەمەکدارەکانی سەرکردەکان وای کردووە زۆر کەم کەس، نەک بەرهەنگاریان بێتەوە، بەڵکو بتوانێت سەربەخۆ لەوان بگوزەرێت. زۆربەی کوردانی عێراق، سەرەڕای ناڕەزاییی قوڵ بە بار و دۆخەکەی ئێستایان، قبوڵیان کردووە و بەردەوامن لە گوزەران لەو ناوچانە. بەڵام ژمارەیەکی بەرچاو، کە زۆرینەی گەنجن، بڕیاردەدەن لە ڕێی کۆچکردنەوە هەڵبێن لەو دۆخەی وەک واقیعێکی نەگۆڕ دەیبینن. تەنها کەمینەیەکی بچوک وەک ڕیفۆرمخوازە نوێکانی ئەم سەردەمە سەریان هەڵداوە و بە کارایی بەشدارن لە ئۆپۆزسیۆنی سیاسیدا.

---

63 هەنار، چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەرانی وتارەکە، شاری هەولێر، ١٠ی ئاداری ٢٠١٨

64 ئەمیر، ، چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەرانی وتارەکە، بازاڕی سلێمانی، ٧ی ئاداری ٢٠١٧

65 کامەران، چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەرانی وتارەکە، دەربەندیخان، ٦ی ئاداری ٢٠١٧

**دۆخێکی دژیەک**

زۆرینەی کۆمەڵگای کوردی بۆ گوزەران پێویستیان بەو بار و دۆخە حیزبییە بەربڵاوەیە کە دژین و لەبەر ئەمە دەبێت ڕەزامەندبن و لە داواکانیان خۆشبن. ئەمە شێوەیەکی هاوشێوەی سەقامگیری ەێناوەتە بەرهەم، بەڵام مەترسیی بردنی کوردستانی عێراق بەرەو قەیرانی گەورەتر دێنێتە ئاراوە.

خێزانی باران، کچە تەمەن ٢٦ ساڵەکەی دەربەندیخان، بەرجەستەیەکی ئەم دژیەکەیە. خێزانەکەی لە کۆنەوە لایەنگریی یەکێتییان کردووە. ئەو ناڕەزاییی دەردەبڕی کە براکەی، کە پێشمەرگەیەکی بریندار ی شەڕی دەوڵەتی ئیسلامییە و قاچێکی لەدەستداوە، خزمەتگوزاریی تەندروستیی و قەرەبووی شیاوی پێشکەش نەکراوە لەو حیزبەوە کە ناونووسیان کردووە. بەڵام ئەو وتی کە خێزانەکەی بەردەوامن لە دەنگدان بۆ یەکێتی یاخود پارتی، لە جیاتیی خۆپیشاندان لە شەقامەکان لەسەر حەقی براکەی، کە ئەو دەیوت هیچ ئەنجامێکی نابێت.[66] وەک گەنجێکی تری ناوچەکە وتی: "من ئامادەنیم بەشداری لە بەرهەڵستییەکی ناوچەییدا بکەم، لەبەر ئەوەی بەوە هەموو شتێک لەدەست دەدەم."[67]

کۆسرەت، گەنجە تەمەن ٢١ ساڵە گوندنشینەکەی پارێزگای سلێمانی نموونەی بۆ ئەم دژیەکانە ەێنایەوە. ئێمە لەبەردەم دووکانی لادێکەدا لەگەڵ پۆلێک کوڕی تر دیمان کە هەموو جێڵێکی زۆریان لە قژیان دابوو و کاوبۆی تەسکیان لەبەرکردبوو. ئەو بەدەم جگەرە کێشان و یاریکردن بە مۆبایلەکەی پێیگوتین کە ئەو بۆ ئاسایش کاردەکات وەک "ئاسایشی مەدەنی". بەم شێوەیە کۆسرەت پشتی بە دامەزراوە حیزبییەکان بەستووە، کە ئاسایش کاریان بۆ دەکات، بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی. بەڵام بە شانازییەوە پێی گوتین کە بەشداری لە خۆپیشاندانەکانی ٢٠١١دا دژ بە دەسەڵات کردووە لە ناوچەکەی. کاتێك لێمان پرسی ئایە هیچ دژیەکێک دەبینێت لەوەدا کە ئەو کاری هەواڵگریی بۆ ئاسایش دەکات و لە هەمان

---

[66] باران، چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەرەکان، دەربەندیخان، ٦ی ئاداری ٢٠١٧

[67] چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەرەکان، دەربەندیخان، ٦ی ئاداری ٢٠١٧

کاتدا بەشداریی خۆپیشاندانی دژ بە دەسەڵاتکردووە، ئەو وتی خۆپیشاندانەکان بۆ "کوردایەتی" بوون.[68]

کۆسرەت و زۆرێک لە کوردانی تری عێراق بێ ئەوەی پێی بزانن هەمان لۆجیکی خۆپارێزیی سەرکردەکان بەکاردەهێنن، هەرچەندە وا بزانن بیر و باوەڕیان تەواو پێچەوانەی ئەوانە. هەندێک لە کوردەکانی چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ئەنجامدان دەسەڵاتیان خەتابار دەکرد بە دابین نەکردنی مووچە، بەڵام هەر چەند دێڕێک دواتر وتەکانی سەرکردەکانی هەمان ئەو دەسەڵاتەیان دووبارە دەکردەوە و دەیانووت لە ڕاستیدا بەغداد خەتابارە لەبەر ئەوەی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانی نەناردووە.

زۆرێک لە کوردان سەرکردە حیزبییەکانی دەسەڵاتداری ناوچەکانیان بە بەشێک لە کێشەکە دەبینن، بەڵام هاوکات خۆیان مۆرکی شێوەی کارکدنی حیزبەکانیان هەڵگرتووە و زوو زوو خەتا دەدەنە پاڵ حیزبە ڕکابەرەکانیان. بۆ نموونە ئاریان، کوڕە ٢١ ساڵانەکەی بەشداربووی لە خۆپیشاندانەکان لە دەربەندیخانی پێگەی یەکیەتیدا، دەیوت "دژ بە حکومەتەکەی هەولێر" خۆپیشاندانی کردووە.[69] ئەو هەولێری وەک لایەنی خەتابار دەستنیشانکردبوو سەرەڕای ئەو ڕاستیەی کە دەردەسەرییەکانی خۆی، لە نەبوونی هەلی کار و مووچە و خزمەتگوزاری، کێشەی ناوچەیین.

ئەم دۆخە پڕ لە دژ یەکە لە پڕۆژەی سەربەخۆییدا بە ڕوونی دەرکەوت. پڕۆژەکە هێشتا سەنگێکی عاتفیی هەیە بەڵام لە لایەن سەرکردایەتی کوردییەوە پلانڕێژی بۆکرا. چەند مانگێک پێش ڕیفراندۆمەکەی سەربەخۆیی ئایاری ٢٠١٧، هەموو ئەو کوردانەی لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی یەکیەتی و گۆران چاوپێکەوتنمان لەگەڵ سازکردن سووربوون لەوەی دەنگنادەن، هەندێکیش دەستپێشخەرییەکەیان بە "ڕیفراندۆمەکەی بارزانی" ناوزەند دەکرد.[70] ئەمە ئەوەی دەگەیەنێت کە ئەوان ڕیفراندۆمەکەیان وەک ئامرازێکی ئەو دامەزراوە حیزبییە دەبینی کە ڕەتیان کردبووەوە.

---

[68] کۆسرەت، ، چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەرانی وتارەکە، ناوچە گووندنشینەکانی دەوری شاری سلێمانی،٦ی ئاداری ٢٠١٧

[69] ئاریان، چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەرانی وتارەکە، شاری سلێمانی،٦ی ئاداری ٢٠١٧

[70] چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەرانی وتارەکە، شاری سلێمانی، ناوچە گووندنشینەکانی دەوری پارێزگای سلێمانی، دەربەندیخان، و گەرمیان، ئاداری ٢٠١٧

هاوکات، گوێمان لە زۆرێک لە گەنجانی کوردبوو دەیانووت چیدی کوردستانی سەربەخۆیان ناوێت. کامەران، کتێبفرۆشە تەمەن ٢٦ ساڵانەکەی بازاڕی سلێمانی دەیگوت: "ئەگەر کوردستانی سەربەخۆمان هەبێت، سەرکردایەتی ەێشتا لە ئێستاش خراپتر دەبن چونکە ئەوکات لە نێوان تورکیا و ئێراندا گیر دەخۆین."[71]




وێنەیەکی مەسعود بارزانیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ئەلقۆش، عێراق، ٢٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧. سەرچاوە: کریس مەکگرات/گێتی ئیمیجز

لە هەمان ئەو بازاڕەدا، ئەمیری کاڵە فرۆش بە ڕوونتر دەیوت: "من دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانم ناوێت. ئەگەر کوردستان سەربەخۆبێت من دەبێت زیاتر لە ئێستاش کاربکەم، و هیچ شتێک (پارە) ئیتر لە بەغدادەوە نایەت." [72]

سەرەڕای ئەم ڕەخنانە، وا دەرکەوت کە کوردەکانی عێراق بە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر دەنگیان بە "بەڵێ" دابوو لە ڕیفراندۆمی سەربەخۆییدا.[73] دوای ڕیفراندۆم، زۆرێک

---

[71] کامەران، چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەرانی وتارەکە، بازاڕی سلێمانی،٧ی ئاداری ٢٠١٧

[72] ئەمیر، ، چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەرانی وتارەکە، بازاڕی سلێمانی،٧ی ئاداری ٢٠١٧

[73] خوێندنەوەی زیاتر: Bethan McKernan, “Kurdistan referendum results: 93% of Iraqi Kurds vote for independence, say reports,”*Independent*, October 10,

لەوانەی چاوپێکەوتنمان لەگەڵدا کردن پێیان وتین کە بە بەڵێ دەنگیان داوە، سەرەڕای ئەوەی سووربوون لەسەر ئەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی دابڕاوە لە هەموو مانایەک لای ئەوان. کاتێک تۆزێک لەگەڵمان دەوتن، نەیاندەتوانی پێمان بڵێن چۆن ئەم دوو بیرکردنەوەیەیان یەکدەگرێتەوە.

نموونەیەکی تر کە ئەم سەرلێتێکچوونەی گەنجانی بەرجەستە دەکرد لە جیاکردنەوەی کوردایەتی لە سیاسەتی حیزبایەتی، گرووپێک گەنجبوون کە لە شارۆچکەیەکی قەبارە مامناوەندی سەر بە پارێزگای دهۆکی پێگەی پارتی چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کردن. ئەوان هەموو وتیان کە لە هەڵبژاردنەکانی ئایاری ٢٠١٨دا دەنگیان نەداوە هەرچەندە پێشتر بە "بەڵێ" دەنگیان داوە بە ڕیفراندۆم. پێدەچێت هەرچەندە گەنجان سیاسەتی ڕاستەوخۆی حیزبەکان ڕەتبکەنەوە، ەێشتا هەر سەختبێت بەلایانەوە هاوارە ناسیۆنالیستەکانی حیزبەکان ڕەتبکەنەوە.

## هەڵهاتن

کاتێک دەخرێنە ئەمری واقعی خۆگونجاندن و دابەزین لە داواکارییەکانیان بۆ گوزەران، زۆرێک لە کوردانی عێراق و بە تایبەت گەنجەکان هەست بە بێ دەسەڵاتی دەکەن. بە پێی پێگە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی جیاوازەکانیان، گەنجانی ناڕازیی کورد لە کافتریا و مۆڵەکاندا کات بەڕێ دەکەن و لە ناوچە زیاتر گوندنشینەکانیشدا لە بازاڕ و چایخانەکاندا. لە هەموو ئەم شوێنانەدا، ئەوانەی چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کردن هەست دەکەن شتێک نییە حەزیان لێبێت و بێ ئامانجن، زۆر جاریش خۆیان بە "بێتاقەت" لەقەڵەم دەدەن. کۆسرەت، کوڕە تەمەن ٢١ ساڵەکەی ناوچە گوندییەکانی دەوروبەری سلێمانی دەیوت: "گەنجان چیدی دڵسۆزییان نییە. ئەگەر پارەی کارتی وەحدەی مۆبایلەکانیان پێ نەبێت، بێتاقەت دەبن." [74]

هەڵهاتن لە ڕێی کۆچکردنەوە لەوانەیە وەک تەنها ڕێگای بەردەست دەربکەوێت بۆ دەربازبوون لەم واقعە بێتاقەتکەرە. ئاریان، کوڕە گەنجەکەی دەربەندیخان باسی

---

2017, https://www.independent.co.uk/news/world/middle-east/kurdistan-referendum-results-vote-yes-iraqi-kurds-independence-iran-syria-a7970241.html

[74] کۆسرەت، چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەری وتارەکە، ناوچە گووندنشینەکانی دەوروبەری پارێزگای سلێمانی، ٦ی ئاداری ٢٠١٧

لە نەبوونی چارەسەری جێگرەوە دەکرد. ئەو دەیوت: "تەنها چارەسەر بۆ ئێمە لە دەربەندیخان ئەوە یان ببین بە پێشمەرگە یان لە کەرتی بیناسازیدا وەک کرێکار کاربکەین. هەندێک خەڵک هەن لە کەرتی حکومیدا وەک مامۆستا یان پزیشک کار دەکەن، بەڵام ئەوانیش مەترسیی وەرنەگرتنی مووچەکانیان هەیە. من دەمەوێت کۆچبکەم بۆ ئەوروپا و بگەمە ئەڵمانیا."[75]

بەجێهێشتنی کوردستان هەموو جارێک هەلی دارایی باشتر فەراهەم ناکات. کاتێک کوردانی عێراق دەگەنە ئەوروپا، زۆربەیان هەلی کار لە ژێر ئاستی کارامەیی خۆیانەوە وەردەگرن. زۆرێک لە خەڵکانی کوردستانی عێراق ئاگاداری ئەم ڕاستیانەن لە ڕێگای گێڕانەوەی خزم و هاوڕێکانیان کە لە دەیان هەزار کوردن کە کۆچیان بەرەو ئەوروپا کردووە.[76] بەڵام کۆچکردن هێشتا ئەگەرێکی سەرنجڕاکێشە چونکە هەلێکیان پێ دەبەخشێت تا ئەو واقعە نەگۆڕ و سیستەمە چینایەتیی جێبێڵن کە لەلایەن دەسەڵاتەوە سەپێندراوە.

## گەڕان بە دوای ڕێیەکی نوێی بەرەوپێشچووندا

سەرەڕای زۆریی بەربەستەکان لەبەردەم دروستبوونی گۆڕانکاریدا لە کوردستان، کە کەمبوونەوەی خۆپیشاندانیش لە خۆ دەگرێت وەک شێوەیەکی کارای خستنەگەڕی گۆڕانکاریی سیاسی لە ساڵی ٢٠١٤وە، بەڵام سەرەڕای ئەمە کەمینەیەکی بچوک بەردەوامن لە بەشداریی سیاسیی. چالاکییەکانی ئەم کەمینەیە نیشانەی ئەوەیە کە کۆمەڵگای کوردی دەتوانێت ڕێگایەک بدۆزێتەوە بۆ دەربازبوون لەم بەربەستەی ئێستای. هەندێک لەوانەی هێشتا بەشداریی سیاسییان هەیە، بە تایبەتی لە پارێزگای سلێمانی، بەشداری لە ڕێگای فەرمیی سیاسەتدا دەکەن، بۆ نموونە بە بەئەندامبوون لە حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکاندا. کەمینەیەکی هێشتا بچوکتر ڕێگای بەشداریکردن لە دەرەوەی سنوورەکانی سیاسەتی حیزبی دەدۆزنەوە بە بەشداریکردن لە کۆمەڵگای مەدەنیی سەربەخۆدا. بەڵام هەر یەکێک لەم ڕێگایانە سنووردارن.

---

[75] ئاریان، چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەرانی وتارەکە، شاری سلێمانی،٦ی ئاداری ٢٠١٧

[76] هیچ ئامارێکی باوەڕپێکراو بوونی نییە لەسەر ژمارەی ئەو کوردانەی عێراق کە لە ساڵی ٢٠١٤وە بەرەو ئەوروپا کۆچیان کردووە. بەڵام دەزگای ڕووداو لە زاری وەزارەتی کۆچ و کۆچبەریی عێراقەوە دەڵێن کە زیاتر لە ٢٥ هەزار کەس، کە زۆربەیان کوڕی گەنجن، هەرێمی کوردستانی عێراقیان جێهێشتووە بەرەو ئەوروپا لە ساڵانی ٢٠١٤ بۆ ٢٠١٧دا. خوێندنەوەی زیاتر: See “Migration of Young People Still a Major Challenge in Kurdistan,” *Rudaw*, February 23, 2017, http://www.rudaw.net/english/kurdistan/23022017.

ئەوانەی دەچنە نێو حیزبە سیاسییەکان "کارکردن لە ناوخۆی سیاسەتدا" بە تەنها ڕێگای واقعی دەبینن بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری. دلێر، هەڵسووڕاوەکەی گۆڕان لە ڕانییەوە، باسی لە هۆکاری ئەندامبوونی لە گۆڕاندا کرد. ئەو وتی:
"حیزبەکان بەهێزترین پۆرتاڵن بۆ بەشداریی سیاسی. ئەگەر بتەوێت ڕۆڵێکی ڕاستەقینەت هەبێت، ئەوا دەبێت ببیتە ئەندام لە حیزبێکدا، جا حیزبە تەقلیدییەکانبێت یاخود حیزبێکی نوێ. ئەگەر بەشداری لە سیاسەتدا نەکەیت لە ڕێگای حیزبەکانەوە، ئەوا خەڵکانی بەتەمەنتر هەموو پۆست و پلەکانیان بەدەست دەبێت. یان دەبێت گورگبیت، یان لە لایەن گورگێکەوە دەخورێیت."[77]

سەرەڕای ئەمە، ئەوانەی کە دەبنە ئەندام لە حیزبەکاندا دەبێت سیستەمی چینایەتی و میکانیزمی خۆەیێشتنەوەی ناو حیزبەکان قبوڵبکەن، کە ئەمەش زۆر جار شێوازی سیاسەتکردنی کۆن دووبارە دەسەپێنێتەوە. ئەمە بە تایبەت لە حیزبە کۆنترەکانی دەسەڵاتدا دەبیندرێت. زانا، کە کادرێکی گەنجی یەکیەتییە دەڵێت: "من بۆ سێ ساڵ لە ئۆفیسی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی یەکیەتیدا کارم کردووە. من لە ئۆفیسەکەمدا قەتیسبووم بە بێ هەبوونی هیچ هیوایەک بۆ داهاتوویەک جگە لە بەردەوامی لە خزمەتکردنی هەمان سەرکردە حیزبییەکان. ئەوان زۆرێک لەو پێشنیارانەیان ڕەتکردووەتەوە کە پێشکەشم کردوون بۆ باشترکردنی ئۆفیسە سیاسییەکە." زانا بیری لەوە دەکردەوە کە واز لە کاری حیزبی بێنێت و دەست بە کارکردن لە ڕێکخراوێکی ناحکومیدا بکات.[78]

گروپێکی بچوکی بێزاریش لە کوردانی عێراق تێکەڵی شوناسی نەتەوەیی کوردی و سیاسەتبوون لە ڕێگای تێکەڵبوون لەگەڵ حیزبێکی جیاوازی دژەدەسەڵاتەوە، کە ئەویش پەکەکەیە. پەکەکە بزوتنەوەیەکی گەریلایی کوردی-تورکییە کە بارەگاکانیان لە چیاکانی قەندیلی کوردستانی عێراقە. کۆسرەت، گەنجە تەمەن ٢١ ساڵانەکەی گوندەکەی نزیک دەربەندیخان، پاڵپشتیی خۆی بۆ پەکەکە خستە ڕوو و وتی کە ئەوان بۆناسیۆنالیزم و پارێزگاریکردن لە هەموو پارچەکانی کوردستان خەبات دەکەن. ئەو وتی: "گەر لەبەر پەکەکە نەبووایە، ئێستا تورکیا لە سلێمانی

[77] دلێر، چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەرانی وتارەکە، شاری سلێمانی، ١٢ی حوزەیران، ٢٠١٨

[78] زانا، چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەرانی وتارەکە، شاری سلێمانی، تشرینی یەکەم، ٢٠١٤

دەبوو."[79] پێشی گوتین کە پێنج لە هاوڕێکانی تا ئێستا پەیوەندییان بە یەکەکەوە کردووە لە قەندیل. ئەو ئاواتەخوازە کە یەکەکە دەسەڵاتی زیاتر لە یەکیەتی و پارتی لە کوردستانی عێراقدا بەدەستبەێنن. بیر و باوەڕی لەم جۆرە لە نێو گەنجانی کوردستانی عێراقدا تا ڕادەیەک بیر و باوەڕێکی باوە کە یەکەکە وەک جێگرەوەیەک بۆ خراپ بەڕێوەبەری و گەندەڵیی حیزبەکانی دەسەڵات دەبینن. بەڵام ئەگەرێکی ڕێتێچوو نییە کە یەکەکە وەک هێزێکی سەرەکی لە کوردستانی عێراقدا سەرهەڵبدات، لە کاتێکدا کە حیزبە تەقلیدییەکانی یەکیەتی و پارتی دەستیان بەسەر کۆمەڵگادا گرتووە. بەڵام ڕەنگە زیاتر و زیاتر وەک ڕێگایەک بۆ کەمینەیەکی بێزاری کوردانی عێراق دەربکەوێت، بە تایبەتی گەنجان، لە بەشداریکردن لە مۆدێلێکی جێگرەوەی کوردایەتیدا.

لەگەڵ بوونی فەزای سیاسەتی حیزبیی تەقلیدی بە فەزایەکی پڕ لە دژ یەک و هەڵوێستی توندی بێ متمانە، زۆرێک بە دوای ڕێگای بەشداریی سیاسیتر دا دەگەڕێن کە سەربەخۆبێت لە حیزبەکان. ئەمە بووەتە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵگایەکی مەدەنیی دیار بەڵام ناسک و هەستیار لە کوردستان. هەڵشۆ کە گەنجێکی تەمەن ٣٢ساڵە و بۆ ڕێکخراوێکی ناحکومیی ناوچەیی لە هەولێر کار دەکات دەڵێت: "من کۆمەڵگای مەدەنی بە ڕێگایەکی باشتر لە حیزبەکان دەبینم بۆ بەشداریکردنی سیاسەت، چونکە هەموو حیزبەکان دیسیپلینی حیزبیی تایبەت بە خۆیان دەکەن بە مەرجی بەشداریی سیاسی بەڵام لە کۆمەڵگای مەدەنیدا دەتوانی کراوەتر و زیاتر بە پێی ویستی خۆت کاربکەیت."[80]

بەڵام سەرەڕای ئەمە، زۆرێکی کۆمەڵگای مەدەنی لە لایەن حیزبە سیاسییەکانەوە کۆنترۆڵکراوە. چەند ڕێکخراوێکی ناحکومی و دەستگایەکی خێرخوازی پەیوەستن بە حیزبەکانی دەسەڵاتەوە (بۆ نموونە دەستگای خێرخوازیی بارزانی). پتر لەمەش، گۆڕانکاریی نێو بزووتنەوەی گۆڕان کە لە بزووتنەوەیەکی دژە دەسەڵاتەوە (کە خاوەن سیستەمێکی چینایەتی ناوخۆیی هاکەزایی و ئەجێندای بەرەنگاربوونەوەی پێکهاتەی چەقبەستووی کۆنترۆڵکراو لە لایەن حیزبەوە بوو) گۆڕدرا بۆ حیزبێکی ئۆپۆزسیۆنی فەرمی و ترسێنەر کە بووە هۆی ئاڵۆزکردنی فەزای هەبوونی دەنگی ئۆپۆزسیۆنی سەربەخۆ. کوردێک کە

---

[79] کۆسرەت، چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەرانی وتارەکە، ناوچە گوندنشینەکانی دەور و بەری شاری سلێمانی،٦ی ئاداری ٢٠١٧

[80] هەڵشۆ، چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەرانی وتارەکە، هەولێر، ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٨

چالاکی کۆمەڵگای مەدەنییە دەڵێت: "پێش درووستبوونی گۆڕان، کۆمەڵگای مەدەنی کاراتربوو لە ئێستا. هۆکاری ئەمە ئەوەیە کە ئێستا یەکێتی و پارتی کۆمەڵگای مەدەنی بە بەشێک لە گۆڕان، یاخود دەست تێوەردراو لە لایەن گۆڕانەوە، دەبینن – بە تایبەتی لە ناو سلێمانیدا."[81] گۆڕان دەستی گرتووە بەسەر فەزای ئۆپۆزسیۆندا، هاوشێوەی پارتی و یەکێتی دەستیان گرتووە بەسەر سیاسەتی تەقلیدیدا.

مەرگی میدیای سەربەخۆ لە کوردستان کەمبوونەوەی پلاتفۆرمەکانی بەشداریی سیاسیی لە دەرەوەی حیزبەکان خێراتر کردووە. دەسەڵاتی کوردی تەکتیکی چاوسوورکردنەوەی بەکارخستووە بۆ بێدەنگکردنی ڕۆژنامەنووسە سەربەخۆکان. ڕۆژنامەنوسان کە ڕەخنەیان لە حکومەتی هەرێم گرتووە گیراون و هێرشیان کراوەتە سەر و هەتاوەکوو کوژراویشن؛ چەند کەسایەتییەکی سەر بە حیزبەکانیش پێشبینیکراوە تێوەگلابن لەم کارانەدا.[82] هاوکات، قەیرانی دارایی پلاتفۆرمە میدیاییە سەربەخۆکانی، بێ هەبوونی پەیوەندی بە حێزبەکانەوە، بە سەرچاوەی دارایی کەمەوە جێهێشت. هاوڵاتی و ئاوێنە، کە دوو ڕۆژنامەی سەربەخۆن، هەردوو بە هۆی زەحمەتیی داراییەوە لە میانەی قەیرانە داراییەکەدا کزبوون لە کارکردن.[83] خاوەنی

---

[81] چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەرانی وتارەکە، هەولێر، ٢٠ی حوزەیرانی ٢٠١٨. ئەو کەسەی چاوپێکەوتنمان لەگەڵکرد ویستی شووناسی بە شاراوەیی بنێمێتەوە.

[82] لە ساڵی ٢٠١٣دا بۆ نموونە، چەند چەکدارێکی نەناسراو کاوە گەرمیانی (ڕۆژنامەنووسێکی ڕۆژنامەی سەربەخۆی ئاوێنە کە لێکۆڵینەوەی لە تۆمەتێکی گەندەڵیی دژ بە سیاسەتمەدارە کوردەکان دەکرد) کوشت. زۆرێک شکیان لەوە کرد کە سەرکردەیەکی یەکێتی لە پشت کوشتنەکەوە بێت. سەرکردەکە، کە توانی بێ تاوانی خۆی بپارێزێت، دواتر لێخۆشبوونی بۆ دەرکرا لە دادگاییکردنێکدا کە براکەی ڕۆژنامەنووسەکە بە دادگاییەکی نادادپەروەرانە ناوی برد.
خوێندنەوەی زیاتر: "Kawa Garmyane Killed," Committee to Protect Journalists, December 5, 2013. https://cpj.org/data/people/kawa-garmyane/;
Omer Sayan, "Kurdistan Court Clears Peshmerga Commander in Slain Journalist's Case," *Rudaw*, January 18, 2015, http://www.rudaw.net/english/kurdistan/18012015.
بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دەستەسەرکردنی ئێستای ڕۆژنامەنووسان لە کوردستانی عێراق: "Kurdistan Region of Iraq: Protesters Beaten, Journalists Detained," Human Rights Watch, April 15, 2018, https://www.hrw.org/news/2018/04/15/kurdistan-region-iraq-protesters-beaten-journalists-detained.

[83] هاوڵاتی، کە ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆیە، لە ساڵی ٢٠١٦دا لە کارکردن وەستا بەڵام دواتر هاوکاریی دارایی لە سەرچاوەیەکی نادیارەوە پێدرا کە زۆرێک پێیان وایە پەیوەندیی بە حیزبێکی سیاسیی دیاریکراوەوە هەیە. ئاوێنە لە ژێر فشاری داراییدا چاپی هەفتانەیان ڕاگرت، بەڵام بە ستافێکی زۆر بچووکەوە بەردەوامن لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ لە ڕێی ماڵپەڕە ئیلیکترۆنییەکەیانەوە. چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەرانی وتارەکە، ڕۆژنامەنووسێکی کورد، ٢٨ی ئەیلولی ٢٠١٨.

NRT، کە کاتێکبوو بە کەناڵێکی تەلەفزیۆنیی تا ڕادەیەک سەربەخۆ دادەندرا، لە ٢٠١٧دا حیزبی خۆی دامەزراند و هەوڵی گەیشتن بە پەرلەمانی دا و کەناڵەکەشی کرد بە تۆڕێکی میدیایی سەر بە حیزبەکەی.[84] لە ئەنجامدا، ئێستا هیچ پلاتفۆرمێکی سەرەکیی میدیایی نیە لە کوردستانی عێراقدا کە سەربەخۆ بێت لە حیزبەکان، و تەنها چەند پلاتفۆرمێکی کەمی پرۆفێشناڵ ماونەتەوە کە لە ڕێگایانەوە کۆمەڵگای مەدەنی سەربەخۆ لە حیزبەکان کاربکات. لەم فەزا بچوکبووەوەیەدا، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە پلاتفۆرمێکی گرنگ بۆ بەشداریی سیاسی. بەڵام، پلاتفۆرمەکانی میدیای حیزبی خزاونەتە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشەوە و سەرچاوەی زیاتریان بۆ پێگەکانیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تەرخانکردووە.[85]

سەرئەنجام، لە ئێستادا زۆر کەم پۆرتاڵی کارا بوونیان هەیە کە لە ڕێیانەوە کوردانی سەربەخۆ بەشداریی سیاسەتبکەن. ئەوانەی کە لە ڕێگای بەشداربوون لە کۆمەڵگای مەدەنییەوە ماونەتەوە کەمینەن و تەنها دەتوانن لە لێوارەوە گۆڕانکاری دروستبکەن. ئەوان خۆیان تەرخانکردووە بۆ دیدگایەکی زۆر دوور مەودای دروستکردنی گۆڕانکاری، چاوەڕێن پاڵپشتی و هەوڵەکانیان کە لە کاتە پێویستەکاندا داویانە کۆببنەوە و کاریگەری دروستبکەن. پێشکەوت، کە گەنجێکی تەمەنی ٣٤ ساڵانی بەشداری کۆمەڵگای مەدەنییە لە هەولێر باس لە نموونەی یەکێک لەو بردنەوە بچووکانە دەکات: کۆمەڵگای مەدەنیی فشارییان دروستکرد لەسەر وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان تا مەلا مەزهەر خۆراسانی، پیاوێکی ئاینیی کورد کە بە وتەکانی لە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکەیدا سووکایەتی بە ژنانکردبوو، لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن لاببرێت. ئەوان سەرکەوتووبوون، بەڵام تەنها بۆ ماوەیەکی کورت. مەلا مەزهەر دوای سێ ڕۆژ دووبارە ڕێگای پێدرایەوە

---

خوێندنەوەی زیاتر "Pioneering Kurdish Daily Shut Down as Sales and Reader Decline," *Rudaw*, February 27, 2016, http://www.rudaw.net/english/kurdistan/270220165

84 خوێندنەوەی زیاتر: "NRT Owner Intends to Run in Parliamentary Elections," *Rudaw*, July 24, 2017, http://www.rudaw.net/english/kurdistan/240720171

85 زۆرێک لە بەرپرسە باڵا حیزبییەکان پەیام لە ڕێگای تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەرەوە بڵاو دەکەنەوە. بۆ نموونە ئەمە بڵاوکراوەکانی مەسعود بارزانیە کە لە ٢١ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٨دا کۆکراوەتەوە: https://twitter.com/masoud_barzani, و بڵاوکراوەکانی قوباد تاڵەبانی، کە لە ٢١ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٨دا کۆکراوەتەوە: https://twitter.com/qubadjt. حیزبەکان هەروەها سوود لە تۆڕێک لە بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبینن کە بە بەردەوام بەرگری لە پێگەکانیان دەکەن دژی ڕەخنەگران.

بێتەوە سەر شاشە.[86] پێشکەوت پێی وایە کە حیزبەکان ئەم بردنەوە بچووکانە بەکاردەهێنن بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگای مەدەنی، ئەو دەڵێت: "کاتێک کۆمەڵگای مەدەنی قاڵس دەبێت، مەجالێکی بچووکیان دەدەنێ بۆ ئەوەی هێور ببنەوە."[87]

دروستکردنی گۆڕانکاریی گەورەتر (بۆ نموونە خستنە ژێرپرسیاری ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی ئایاری ٢٠١٨ لەسەر بنەمای ساختەکاریی سەرتاسەری) بەردەست نییە. پێشکەوت وتی: "ئێمە زۆرێک ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنیمان هەبوو کە چاودێریی خۆپیشاندانەکانیان دەکرد و دڵنیاین کە گەندەڵی و ساختەکاری ڕوویداوە، بەڵام هیچ بەڵگەیەکمان بەدەستەوە نییە. ئێمە هەڵوێستمان وەرگرتووە و هەوڵ دەدەین دژی ئەم ساختەکارییە بووەستینەوە لە ڕێگای یاسایی و دام و دەستگاییەوە."[88]

## پێویستیی ناوچەکە بە نوێبوونەوە

یەک کەوتنی ئاڵوگۆڕی سیاسیی لە دۆخێکی چەقبەستووەوە بەرەو دۆخێکی نوێ ناسیۆنالیزمی کوردیی هێناوەتە بەر بەربەست. کوردایەتی لەو نێوەندەدا لە نێوان دوو شێوازی حوکمداریدا گیری خواردووە: یەکیان سیستەمێکی نەتەوەگەرییە کە لەسەر بنەمای لایەنگریی حیزبی سوود بە هاوڵاتیان دەگەیەنێت و ئەوی تر سیستەمێکی حوکمدارییە، کە هەوڵی سەرهەڵدان دەدات، کە گرنگی بە هەستی هاوڵاتیبوون و خۆیەتی و دام و دەستگا دیموکراتییەکان دەدات.

خۆپیشاندانەکانی ٢٠١١ شکستیان هێنا لە دروستکردنی گۆڕانکاریدا و قەیرانەکەی دواتری ٢٠١٤ش سیستەمی کۆنی حوکمداریی چەقبەستووتر کرد. کەشی قەیراناوی و نائارام ئاسانتری کردووە بۆ سەرکردە کوردەکان کە لە دەسەڵاتدا بمێننەوە، سەرەڕای ناڕەزایی کۆمەڵگا.[89] لە نێو حیزبەکاندا زیاتر و زیاتر پۆست و پلە سیادییەکان

---

[86] خوێندنەوەی زیاتر: "Mullah's TV Channel Shut Down for Insulting Women Allowed to Reopen," *Rudaw*, July 11, 2018, http://www.rudaw.net/english/lifestyle/11062018.

[87] پێشکەوت، چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەرەکانی وتارەکە، هەولێر، ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٨

[88] پێشکەوت، چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەرەکانی وتارەکە، هەولێر، ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٨

[89] خوێندنەوەی زیاتر: Joost Hiltermann and Maria Fantappie, "Twilight of the Kurds," *Foreign Policy*, January 16, 2018, https://foreignpolicy.com/2018/01/16/twilight-of-the-kurds-iraq-syria-kurdistan/.

دەدرێتە کەسە خێزانییە نزیکەکانی کەسانی چەقی حیزبەکان و ڕێگریدەکرێت لە دروستبوونی ڕێگایەک بۆ سەرهەڵدانی سەرکردەی نوێ.[90]

بار و دۆخی کوردستانی عێراق دووبارەی ڕەوڕەوەیەکی گەورەتری ڕووداوی سیاسییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە کاتێک فشار دروست دەکرێت بۆ دروستبوونی گۆڕانکاری بەڵام شکست دێنێت، دەسەڵاتی حوکمداری ڕەگ داکوتاوتر دەبێت و دام و دەستگاکانی چەقبەستووتر دەکات و فەزای ئۆپۆزسیۆن بچووکدەکاتەوە. میسڕ و سوریا و تورکیا و هەتاوەکو بەشە عەرەبنشینەکانی عێراقیش هەمان ئەزموونیان هەبووە و ئەنجامی هاوشێوەیان هەبووە لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشەکان لە ساڵی ٢٠١٠وە. لەم وڵاتانەدا خرۆشانی شەقام، کە زۆرینەی لە لایەن نەوەی نوێوە ڕابەرایەتی دەکران، ناڕەزاییان دەربڕی و بوونە مەترسی بۆ سەر سەرکردایەتیی دەسەڵاتدار و بە دوای ڕێکەوتنی نوێی نێوان کۆمەڵگا و سەرکردەکاندا وێڵبوون لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون. ئەم فشارانە بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری کاردانەوەی توند و دۆخێکی ناسەقامگیریان خولقاند کە لە بەرژەوەندی دەسەڵاتدا شکایەوە. ئەم وڵاتانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، هاوشێوەی هەرێمی کوردستان، لە دۆخی ئاڵوگۆڕێکی سیاسیی یەک کەوتوودان کە سەرکردەکانیان بۆ فەراهەمکردنی ئاسایش و سەقامگیری پەنا بۆ سەرکوتکاریی گەلەکەیان دەبەن و زۆرینەی گەل وا لێدەکەن بەشداریی سیاسەت نەکەن و بیر لە شێوەی تایبەتی خۆیان بۆ مانەوە بکەنەوە، کە کۆچکردن یەکێکە لە ڕێگاکان.

ئەم شێوەیە لە سیاسەتکردن لە کوردستانی عێراقیش بەدیارکەوتوون. بەڵام، تایبەتیی دۆزی کوردی لەوەدایە کە بەهۆی ململانێی پێشکەوتن و دواکەوتن لە ئێنانەبەرهەمی ئاڵوگۆڕی سیاسیەوە مانای کوردایەتی کاڵبووەتەوە. شوناسی نەتەوەیی کوردی لە ئێستادا لە نێو چیرۆکی ڕابردوویەکی گەورەکراودا گیریخواردووە کە بووەتە هۆی زیاتربوون و چەقبەستووتربوونی ناڕەزایی و دابڕانی کۆمەڵگا. زۆرێك لە کوردانی عێراق و بە تایبەت گەنجان چیدی پەیوەندیی خۆیان بە کوردایەتییەوە نابینن لە ژیان و بیرکردنەوەیاندا و وەک موڵکی سەرکردەکان دەیبینن کە بە ئارەزووی خۆیان دەستدرێژی دەکەنە سەری و دەیشێوێنن.

---

[90] بۆ نموونە، لە کۆتاییەکانی ٢٠١٨دا پارتی نێچیر□ان بارزانی، برازای مەسعود بارزانی،ی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مەسرور بارزانی، کوڕی مەسعود بارزانی،ی بۆ پۆسی سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێم کاندید کرد. هاوکات، کوڕەکانی جەلال تاڵەبانی و برازایەکی پۆست و پلەی سیادییان لە نێو یەکیەتی و حکومەتی هەرێمدا گرتووەتە دەست.

سەرکردەکانی کوردانی عێراق دەتوانن، بۆ ئێستا، خۆیان بپارێزن بە بەکاربردنی داهاتی سامانە سروشتیەکانیان و بەردەوابردنی ئادابە دیموکراسییەکان. بەڵام ناتوانن ئومێدی ئەوەیان هەبێت کە کۆمەڵگا دوایان بکەوێت لە ڕێی ئەم ستراتیژی جیاوازکارییەیانەوە لە دابەشکردنی دەسەڵات و سەرکوتکاری و بەکارەێنانی مەترسیی دەرەکی وەک هۆکاری کێشەکان. ئەم سەرکردایەتییەی ئێستا، لەگەڵ سەرکردە گەنجەکان کە کۆپییەکی کاربۆنی خۆیانن، ئەگەری زۆرە بەردەوامبن لە دەسەڵاتدا. بەڵام هەستی بەرژەوەندی نەتەوەیی هاوبەش نامێنێت و سەرکردەکان دەبێت خۆیان ئامادەکەن زیاتر و زیاتر بەرەنگاری یەکتر ببنەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی داهات تا فەراهەمی مانەوەیان لە لە دەسەڵاتدا بکەن لە ڕێی ئەمەکدارییەوە. هەرچەندە بە قێزەون تەماشاکردنی براکوژی ماوەیەکی زۆرە توانیویەتی ململانێ سیاسییەکان بە ئارامی بەێڵێتەوە، بەڵام زۆر دوور نییە کە گرژبوونی ململانێ و دوژمنداریییەکان دووبارە ڕووداوێکی وا بخولقێنێتەوە. توند و تیژییەکی لەو جۆرە گەر بخولقێت، ڕەنگە تەنها لە نێوان حیزبەکاندا نابێت بەڵکوو لە نێو هۆز و بنەماڵەکانیشدا ڕووبدات و کۆمەڵگا ورد تر پەرت پەرت بکات. سەرهەڵدانی توند و تیژیی پچڕپچڕ بەڵام بەردەوامی ناو نێوماڵی کورد لە ئاکامدا دەبێتە هۆی لەناوبردنی شەرعیەتی نەتەوەیی سەرکردەکانی دەسەڵات و چەقی ناسیۆنالیزمی کوردی لە کوردستانی عێراقەوە دەگوازێتەوە بۆ ناوچە کوردنشینەکانی تر. هەتا ئەو کاتە، سیستەمی حوکمداریی کۆن کە لە تەکانەوەدایە، و سیستەمی حوکمداریی نوێ کە تازە لە سەرهەڵداندایە و چەندین کێشەی ڕووبەڕوو بۆتەوە، دەبێت پێکەوە لە کوردستانی عێراقدا هەڵبکەن.

گواستنەوەیەکی بێ کێشەی دەسەڵات بەرەو سیستەمێکی حوکمداریی نوێ ڕێگا بە کوردستانی عێراق دەدات کە خۆی وەک چەقی دروستبوونی ناسیۆنالیزمی کوردی بەێڵێتەوە. بەڵام ڕووداوەکانی ٢٠١١ بەڵگەیە بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە ڕێگای بزووتنەوەی گەل و ڕابەرایەتیی هێزی ئۆپۆزسیۆنەوە ناکارایە و پڕمەترسییە. بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات سەرکەوتووبێت، سەرکردە گەورەکان، بە دەستپێکی یەکیەتی و پارتی، دەبێت ئامادەبن ڕێگا و هەلی نوێ بڕەخسێنن بۆ سەرهەڵدانی سەرکردەی نوێ. دواتر، بازنەیەک لە سەرکردەی نوێی ڕیفۆرمخواز دەبێت ڕابەرایەتی پڕۆسەیەکی ڕیفۆرم لە سەرەوەڕا بکەن بۆ بەهێزکردنی دام و دەستگاکانی کوردستان، بە تایبەتی پەرلەمان، و ڕزگارکردنیان لە ژێر کۆنترۆڵی حیزب. ڕیفۆرمی ئابووری و نەهێشتنی تۆرە

ئەمەکدارەکانی حیزب پێویست دەبێت تا ڕیفۆرمخوازەکان بتوانن کۆمەڵگای کوردی بەێننە ڕێزەی ئەجێنداکەیانەوە.

لە کۆتاییشدا، ئەم ڕیفۆرمخوازانە دەبێت کوردایەتی بژێننەوە و ئامانج و دیدگایەکی نوێ بخەنە ڕوو کە بەها مەدەنییەکان لەخۆبگرێت و بە پێی خواست و چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگایەکی بگۆڕێت. ئەم دیدگا نوێیە دەبێت ڕێکەوتنێکی نوێ لە نێوان کۆمەڵگای کوردی و سەرکردەکانیدا دابمەزرێنێت کە لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوونبێت نەوەک لایەنگری و ئەمەکداریی حیزبی. پلانی سیاسیی دەبێت دابڕدرێت لە ڕێبازە مێژووییەکان و تاکە پڕۆژەی بە دەوڵەتبوون. ئەمەش زۆر لە چینی سیاسیی نوێ دەکات کە شەرعیەت لە ڕێگای ئاستی حوکمداری و دەوڵەتمەدارییانەوە بەدەستبەێنن نەوەک دەستکەوتەکانی ڕابردوویان. گەر نا، مەترسی ئەوە لە ئارادایە کە کوردایەتی خراپ بەکاربەێندرێت بۆ لە دەسەڵاتدا هێشتنەوەی سیستەمێکی حوکمداریی گەندەڵ، لە جیاتیی بوون بە بنەمایەکی هاوبەش کە هەموان کوردستانی عێراق بە هی خۆیان بزانن.

*ئەم ڕاپۆرتە بۆ یەکەم جار لە ٤ی شوباتی ٢٠١٩دا بڵاوکراوەتەوە وەک بەشێک لە (هاووڵاتیبوون و ناڕەزاییەکانی: پلورالیزم و هەستی لەخۆگرتن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) پڕۆژەیەکە بە هاوکاریی TCF Henry Luce Foundation هاتووەتە بەرهەم.*

*وێنەی سەر بەرگ: خۆر هەڵدێت بەسەر گۆڕستانێکی گوندی بارزانی زێدی مەسعود بارزانیی سەرکردەی کورداندا، کە لەوێ ئێسک و پروسکی سەدان گوندنشینی کورد نێژراون کە لە لایەن هێزەکانی سەدام حسێنەوە لە میانەی شاڵاوی ئەنفالدا لە کۆتایی ١٩٨٠ کاندا کوژران. سەرچاوە: مۆیسێس سامان/ ماگنەم*